# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکــراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەریدەکات     ژمارە (٢)  ٢٠٠٩/١١/١٣

## لە بیارەو خدران

## کتێبخانەی گشتیی دەکرێنەوە

دوای کۆششی کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو رەزامەندیی بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، بەدوو فەرمانی وەزاریی وەزارەتی رۆشنبیری لە ئەیلوولی ئەمساڵدا، بڕیاردرا بەکردنەوەی کتێبخانەی گشتیی لە هەردوو ناحیەی بیارەوخدران.

سەبارەت ئامادەکاریی بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانە بەڕێز محەمەد عەزیزخالید (لێپرسراوی کتێبخانەی شارۆچکەکانی سەر بە کتێبخانەی سلێمانی) وتی: بەهاوکاریی بەرێوەبەرانی ناحیەی هەردوو شارۆچکە ئامادەباشیی کراوە بۆ کردنەوەی هەردوو کتێبخانە، لای خۆشمانەوە کەرەستەی دامەزراندنو ژمارەیەکی باش لە چاپکراوەکانمان بۆ دابینکردوون تا لەنزیکترین وادەدا خزمەتگوزاریی خۆیان پێشکەش بکەن.

## لەیادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانیدا..

# د. بەرهەم:کتێبخانەی گشتیی رۆڵی کاریگەری هەبووە لە سلێمانی






سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠٠٩/١٠/١٣) بەرێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەبۆنەی تێپەربوونی (٦٥) ساڵ بەسەر دامەزراندنیداو بە ئامادەبوونی بەرێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەسو مامۆستا جەمال عەبدولو د. رەفیق سابیر ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو ژمارەیەك لە نووسەرو هونەرمەندو رۆژنامەنووسانی کورد، ئاهەنگێکی لە هۆڵی (دیلان)ی کتێبخانە سازکرد.

لەسەرەتای ئاهەنگەکەدا ئامادەبووان ساتێك بۆ گیانی پاکی بەرێوەبەرانی پێشووی کتێبخانەکە بەپێوە وەستان.

ئینجا بەرێز ئاری بابان بەرێوەبەری کتێبخانە، لە وتارێکدا پانۆرامایەکی مێژوویی سەبارەت تەمەنی کتێبخانەکە باسکردو ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە ساڵی (٢٠٠٢) بە بریارو سەرپەرشتی راستەوخۆی بەرێز د.بەرهەم کتێبخانەکە فراوانو نۆژەنو پر لە کەرەستەو کتێب کراوە، هەرچۆن چەند پێشنیازێکی لە پێناوی پێشخستنی کتێبخانە گشتیەکاندا خستەروو.

پاشان بەرێز د.بەرهەم (دۆستی دێرینو خەمخۆری کتێبخانە) لەوتەیەکدا وێرای نرخاندنی کتێبخانەی گشتیی وەك دامەزراوێکی دێرینو بایەخداری شاری سلێمانی، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە دەیان ساڵی رابردوودا ئەم کتێبخانەیە رۆڵی کاریگەری هەبووە بۆ سەر روناکبیرانو خوێندکارانی کورد لەم شارەدا، هەرچۆن جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە حکومەتی هەرێم گرنگی پێویست دەداتە سەرجەم کتێبخانەکان، هاوکات بۆ بەزانستی بەرێوەچوونی کتێبخانە گشتییەکان چەند پێشنیازێکیشی خستەروو، سوپاسی هەموو ئەوانەشی کرد کە لە کاروانی تەمەنی ئەم کتێبخانەیەدا جێدەستیان دیاربووە.

دوای ئەویش، هەربەم بۆنەیەوە مامۆستا شێرکۆ بێکەس پەخشانێکی ئەدەبیی ناوازەی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد (کەدەقەکەی لە ل/٢دایە).

دواجاربەرێز یاسین قادر بەرزنجی(جێگری بەرێوەبەری کتێبخانەو سەرنووسەری بڵاوکراوەی ئاسۆی کتێبخانە) ئاماژەی بۆ دەرچوواندنی بڵاوکراوە مانگانە تایبەتمەندەکەی کتێبخانە کرد بە زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان کە لەم رۆژەدا یەکەمین ژمارەی بەسەر بەشداربووانی ئاهەنگەکەدا دابەشکرا، بەمەش کۆتایی بە ئاهەنگەکە هاتو میوانە بەرێزەکان گەشتێکیان بەسەر بەشو هۆڵەکانی کتێبخانەکەدا ئەنجامدا.

## چین..

## دامەزراندنی یەکەمین

## کتێبخانەی جیهانیی بۆ منداڵان

**News- All**

کتێبخانەیەکی گەورە بۆ منداڵان لەوڵاتی چین دروستکرا، تییایدا بەشێك بۆ خوێندنەوەی منداڵانو بەشێکیتر بۆ خوێندنەوەی منداڵانو دایكو باوکیان تەرخانکراوە.

سەرچاوەیەك لە(زانکۆی تشجیانخ) رایگەیاند بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندنەوەی منداڵان پەیوەستە بەتوانای خودی مامۆستایان لە ئەدەبیاتدا.

زانکۆی ناوبراو ساڵی ٢٠٠٣ کۆلێژێکی بۆ ئەدەبیاتی منداڵان کردوەتەوەو پاشانیش یەکەمین کۆلێژی بۆ توێژینەوەی رۆشنبیری لەساڵی ٢٠٠٦دا کردوەتەوە کە تایبەتە بەچۆنیەتی پەروەردەو سایکۆلۆژیای منداڵان.



## دامەزراندنی دەرچووانی

## بەشی کتێبخانە لەسلێمانی

بەبڕیاری بەرێز عیماد ئەحمەد جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو لەچەند فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیراندا ژمارەیەك لە دەچووانی بەشی زانیارییەکانو کتێبخانە لە کتێبخانەکانی سلێمانیو شارۆچکەکانی بەم شێوەیە دامەزران:

٥ کارمەند بۆ کتێبخانەی سلێمانیو ١٢ کارمەند بۆ کتێبخانەکانی هەڵەبجەو بەکرەجۆو خورماڵ و٣ کارمەندیش بۆ کتێبخانەی گشتیی عەربەت.




## کتێبخانەیەك لە

## ئەندونسا

**arabic,xinhyanet**

زانکۆی ئەندونیسیا لە(جاکارتا)ی پایتەختی ئەندونیسیا یەکێك لە کتێبخانە گەورەکانی جیهان دروستدەکات کە لە هەشت نهۆم پێکدێت لەسەر رووبەری دوو هەکتارونیو.

وا پێشبینی دەکرێت کەسێ ملێون کتێب بگرێتە خۆی، دوای تەواوبوونیشی رۆژانە پێشوازیی لە ٢٠ هەزار هامشۆکەردەکاتو دەکەوێتە نزیك دەریاچەی سەرەکیی زانکۆ.



9 چەمکی بەرگی کتێب



8 چارەسەر بەخوێندنەوە



5 حەزی خوێندنەوە لای منداڵ

# ماڵێك بۆ وشە




ئەودەمەی پوورە وشە لە شانەی عـەقڵ‌و هەسـت‌و نەستەوە ئـەئاڵی‌و لـە هەنگوینی خوێندنەوەی ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ درێژە بە ئالوودەبوونی شـیرینی ژیـان ئەداو کتێب ئەکاتە هاودەمی چاوو مرۆڤ ئەخاتە سـەر ڕێگـەی چـرا. ماڵێـك بـۆ دەستەواژەی سەرەتای تێگەیشتن‌و فامی ڕستە، ئەو وەختەی ڕیزە ڕسـتە ئەبنـە لاولاوو بە دیواری زەین‌و پەنجەرەی ڕۆحمانـدا هەڵئەگـەڕێن‌و لەدواییـدا بـۆن‌و بەرامەی شیعرو دانەدانەی مرواری چیرۆك‌و گوڵەگەنمی وتار بەمیوانەکانی خۆی ئەبەخشێ!. ماڵێکی ڕەنگاڵەی بەورشەو پرشەی کاغەز بۆ شارێك.. لـەو دەمـەدا کەشار تازەبەتازە لەپێڕەوکەبوونی سـەر ڕێگـەی جیهانبینیـدا بـوو.. تازەبـەتازە لەباڵەخانەی کتێبەوەو لە پەنجەرەی کراوەی نیوە ڕووناکی خۆیەوە بە سەر دنیای شارەکانی ئـەدەب‌و فیکـردا ئـەیڕوانی..یـاخود لـەو مێـژووەدا کەبەشـی زۆری هەسارەکەی لەشەوی خورافاتدا وابەستەوکەمێکی لە ڕووناکیدا بوو.. لەوکاتـەدا هەنگەوانێکی گردەڵەی ئەمەك شیرین، یان وشەوانێکی گەورەی زمانی کـوردی، لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا سەربەسدارەو دەست بـەگوڵ‌و شـیعر هـات‌و یەکـەم ماڵی وشەی ئەم شـارەی پـیرۆز کـردو بـۆ یەکـەمجاریش لەبـەردەمی دەروازە گەورەی کتێبـدا زەنگـی وشـەی لێـداو قەڵەمەکـەی کـرد بـەکلیلی کردنـەوەی دەرگاکەی‌و لەگەڵ کۆمەڵێ پیاوی دڵـدارانی حـەرفی پـاییزەداو لەگـەڵ باوەشـێ پەپوولەی نێو زەردەخەنەدا چوونە ژوورێ. پیرەمێرد، بـاوکێکی ڕیـش سـپی بـۆ کتێـب‌و زێوانێکی ئێشکگر بەدیار شیعرو عاشقێکی هیلاکی نەناسی ناو زێی زمان‌و شەنێکی زێڕین لەم خەرمانی کولتوورەداو بەر لە شەست و پێنج سووڕی زریان‌و خولی خوێن‌و دەورەی عەشق‌و کۆڵنەدان. دەرگەی ئەم ماڵەی قڵیشاندەوە!.

لەوساتەوە نەوە لەدوای نەوەی وشە
کتێب لەدوای کتێب.. ڕەفە لەدوای ڕەفە
هۆڵ لەدوای هۆڵ.. تازەبوونەوە لە دوای تازەبوونەوە
ئەم ماڵە ئەدرەوشێتەوە!
ئەم ماڵە گەلێ گوڵەبەڕۆژەی عەقڵی بینی..
گەلێ سنەوبەرو دارهەناری شاعیرو نووسەر
ئامێزی ئەم ماڵە..ئامێزی هەموو شار بوو.
خۆی یەك ماڵ‌و بەڵام جێی هەرهەموو ماڵانی تیائەبۆوە.
باخێك بۆ بەهرە پشکوتن
گەروویەك بۆ چریکەو خوێندن
کۆمەڵێ ژوور بۆ زاووزێی قەڵەم
بۆ موتوربەکردنی پەیڤ لە شەم
کۆمەڵێ ڕەنگ بۆ ڕەنگدانی هەمیشەی پەلکەڕەنگینە
وەختێ لەشێوەی تاقێکدا بەسەر شاردا بشکێتەوە
خشت لەدوای خشت
خوێندکار لەدوای خوێندکار
شکۆفە لەدوای شکۆفە
مامۆستا لە دوای مامۆستا
سەروو لە دوای سەروو
هاتن‌و چوون.. ماڵی وشەیش هەرمایەوە..
ماڵی وشە: پیرەمێردی بینی .. گۆرانی بینی.. هەردی
بینی..بلەی بینی‌و کامەرانی بینی‌و دیلانی بینی‌و
زۆری بینی‌و .. ئێمەیش ئەبینی‌و ئێمەیش ئەڕۆین‌و
ئەوهەر وەکوو کتێبخانەیەکی دەم‌و چاوی گۆیژە ئەمێنێتەوە
ماڵێك بۆ نانی هزرو
خانەیەك بۆ پرشنگی عەقڵ‌و
یادگارێ بۆ چیمەن وبولبول‌و
قەسیدەیەکی تەمەن شەست‌و پێنج ساڵە
بۆ هەست‌و نەستی عاشقانەو
ئارشیفێ بۆ ئاوێنەکانی زەمان‌و
ڕەمزێکی سپی ونەمر بۆ ئەم شارە.
کتێبخانەی گشتیی..
خۆشەویستیی گشتیی..
لە کەروێشکی منداڵەوە.. بۆ ئەسپی گەورە!.
کتێبخانەی گشتیی .. گوڵدانی گشتیی
لەشەست پەڕی ژنەوە..بۆ گوڵە مێلاقەی پیاو..
کتێبخانەی گشتیی .. شەقامی دێڕی گشتیی.
فوارەی پێی گشتیی.. گوڵجاری پەیڤی گشتیی..
لەدواییشدا
مۆمدانی دڵی گشتیی و ئاوەدان
بەخۆشەویستیی ئێوەو
گشتەوە!

**شێرکۆ بێکەس**

**٢٠٠٩/١٠/١٣**

# لە هەفتەیەکدا ٢١ کتێب ژمارەی سپاردن وەردەگرێت

بەشی سپاردن کە ئەرکی بەخشینی ژمارەی نوێی سپاردنە بەکتێبی نوێی کوردی، لەمانگی مـارتی ٢٠٠٨وە خراوەتـە سـەر کتێبخانـە گـشتییەکانی پارێزگاکـانی هـەرێم (هـەولێر، سلێمانی، دهۆك).

هەرچۆن ژمارەی سپاردن بەخشینی کارێکی یاساییە بەکتێبی کوردی، هاوکات سەرچاوەی ئامار دەبێ سەبارەت بە ڕەوشی چاپەمەنیی کوردی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەمڕۆو داهاتوودا.

بەشی سپاردن لەکتێبخانەی گشتیی بەپێی لێداونێکی بەڕێز کارزان شێرکۆ( لێپرسراوی بەشەکە) لە ١٠ مانگی رابردووی ساڵی ٢٠٠٩دا (١٠٤) ژمارەی سپاردنی داوەتە کتێبی نووسەرو وەرگێڕانی کورد، ئەوانیش بریتیی بوون لە بابەتەکانی (ئەدەب، لەبوارەکانی شیعرو چیرۆك‌و ڕۆمان‌و ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی نووسراوو وەرگێڕدراو)دا.

هەروەها (توێژینەوەی سیاسی، فەلسەفیی، ئایینی، مێژوویی، زمانەوانی، هونەریی، یاسایی، ئابووری، بیبلیۆگرافی‌و زانستی) لەگەڵ چەند کتێبێکی سەر بەیاداشت‌و بیرەوەری‌و بەرهەمی ئەدەبیاتی منداڵان.

تەنیا لەهەفتەی یەکەمی ئەم مانگەدا(تشرینی دووەمی ٢٠٠٩) ئەم کتێبانە ژمارەی سپاردنیان وەرگرتووە کە بەم ناونیشانانەن:

ئاوێنەی دەروون، حوارات، العلاقة بين رئيس الدولة والوزراء في النظام البرلماني، یادەوەرییە سیاسییەکانم، توندوتیژی دژ بەژنان، نهێنی عەشتار، نیکۆلا پاگانینی، ئیڤان سەرگیڤیچ تورگنیڤ، ژیانی نوێ، جانتاکەی باوکم، سێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی، دەوڵەتی مەغۆل‌و تەتار لەنێوان بڵاوبوونەوەو تێکشکاندا، بەقوربانت بم، چەردەیەك مێژووی فەلسەفی لەئەوروپادا، برنارد وتمان رسائل من كردستان ١٩٥٤–١٩٦٣، دە ساڵە تۆ دەخوێنمەوە دە ساڵە تۆ دەنووسم، سەردەمی خەلافەتی راشیدەین، جوگرافیای ئاوو هەوا، کوردستان یا ئەرمەنستان ملهورەکان یا شەهیدەکان، دیسان هەمەچەشنەی زانیارییەکان، وانەکان لەراڤەی هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام.

## ئەم کتێبە

● پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

### پیتەری یەکەم

زوو کەوتمە خوێندنەوە بەعەرەبی. بەڵێ (کەمانچەژەن) حەز بەرۆمان خوێندنەوەی لام جووڵاند. بەڵام تا ئەو کاتە(ساڵانی چلی سەدەی پێشوو)، رۆمان بەکوردی چاپ نەکرا بوو، ئەو ناوانەی کەلەو مەیدانەدا بە سەرئامەد دادەنرێن (جەمیل سائیب، فوئاد تەمۆ، محەمەد عەلی کوردی) نووسینەکانیان لەگۆڤارو رۆژنامەدا بڵاوکرابوونەوەو هێشتا نەکرا بوون بەکتێب، دیارە (شڤانی کورد)ی عەرەبی شەمۆش نەدەگەیشتە ئێرە.

لەبەر ئەوە لەیەکێك لەو کتێبخانانەی بەپارە شەوی بە(عانەیەك) کتێبیان دەدایتێ بۆ خوێندنەوە داوای رۆمانێکم کرد، لایان سەیر بوو لەو تەمەنەدا رۆمان بەعەرەبی بخوێنمەوە، کتێبێکیان دامێ بەناوی (**أهوال الأستبداد**)ەوە کەوەرگێڕێکی بەناوبانگی ئەو کاتە وابزانم (**طاینوس عەبدە**) بوو، کردبووی بەعەرەبی، پرسم بەکتێبخانەکە کرد، لەبەر ئەوە قەڵەمێکی رەشم گرت بەدەستەوە، ئەو وشەیەی نەمدەزانی لەباوکم دەپرسی، بەو جۆرە تەواوم کرد، بۆ جاری دووەم بێ گرێ، کەوتمەوەخوێندنەوە، زۆرم چێژم لێ وەرگرت، لە رووداوی، لەکەسانی ناو رومان و قارەمانی، لەو کەشانەی لەوانەی ولاتی ئێمە ناکات، تا ئێستا (شازادە نیکیتا) م لەبیرە.

کەساڵی ١٩٦٠ چوومە مۆسکۆو هەواڵی ئەو رۆمانەم لەژنە مامۆستای روسییەکم پرسی، ناوی رۆمانی وای نەبیستبوو، کەباسی رووداوەکانو ناوی قارەمانەکانم هێنا یەکسەر وتی: ئەوە رۆمانی (ئەلیکسی تولستوی) یە بەناوی (پیتەری یەکەم)، واتە (پەترۆسی یەکەم) ، جا لەجێگەدایە بڵێم لەئەدەبیاتی رووسیدا سێ کەس بەناوی (تۆلستۆی)یەوە هەیەو هەرسێکیان خزمن، گەورەکە (لیڤ تۆلستوی)یە کەخاوەنی (شەڕو ئاشتی)و (ئەننا کارنینا)و (زیندووبوونەوە، یا ژیانەوە)یەو تائێستا هەر لەڕیزی پێشەوەی رۆماننووسەکانی جیهانە.

دووەمیان: (ئەلیکسی تۆلستوی) یەکەمە، کەئەویش خاوەنی گەلێك رۆمانە، ئەم (پیتەری یەکەم)ە یەکێکیانەو وەك رووس دەڵێن: نووسەرێکی رووسە، واتە: فریای شۆڕشی ئوکتوبەرو رژێمی سۆڤێتی نەکەوتووە.

سێ یەمیشیان: هەر (ئەلیکسی تۆلستوی)ی ناوە، بەمەیان دەڵێن: (رووسی و سۆڤێتی)، واتە: لەپێش ئوکتوبەرو پاش ئوکتوبەردا ژیاوەو هەندێ رۆمانی گەورەی هەیە.

هیوام وایە لەهەڵقەکانی دوای ئەمەدا، بێمە سەرباسی ئەوو رۆمانەکانی و باسێکیش لەو کتێبخانانە بکەم کەبەکرێ کتێبیان دەداینێ، چونکە ئەوەش بەشێکە لەمێژووی کتێبخانە لەسلێمانیدا.

# هۆڵی پیرەمێرد

# روویەکی گەشی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

ئا. تابان حەسەن هادی

**هۆڵی پیرەمێرد، یان هۆڵی خولاوەکان (گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەکان ) لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی جێگای پاراستنی سەدان چاپکراوی بەنرخە کە خوێنەرو توێژەران بەشێوەیەکی بەردەوام سوودی لێ وەردەگرن .**

**لەم بەشەدا، رۆژانە چاپکراوی نوێ تۆمار دەکرێن و لەهەردوو رێگای دیاریو کڕینەوە، ئەرشیفی رۆژنامەوانیی کوردی تیایدا دەوڵەمەند دەکرێن.**

خاتوو سازگار جەمال (لێپرسراوی هۆڵی پیرەمێرد) سەبارەت بەسەرەتای دامەزراندنی ئەم بەشە وتی:



–هەر لەکۆنەوە گۆڤارو رۆژنامەکان لەکتێبخانەدا تێکەڵ بوون لەگەڵ کتێبەکاندا، بەڵام ساڵی ١٩٩٦ بەهەوڵی بەڕێز (یاسین قادر بەرزنجی)و هاوکاریی کارمەندانی بەشەکە هۆڵێك هەر بەناوی مەزنە شاعیرو رۆژنامەوانی کورد (پیرەمێردی نەمر)ەوە تەرخانکرا بۆ خولاوەکان.

لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ رۆژانە خوێنەری رۆژنامەو گۆڤاری کوردیو عەرەبی هامشۆی بەشەکەمان دەکەن.

*دیارترین چاپکراو کەلەم بەشەدا هەبن چین؟

–رۆژنامەو گۆڤارە سەرەتاکانی بزاڤی رۆژنەماوانیی کوردیی، وەکو (پێشکەوتن)ی ساڵی ١٩٢٠و (ژیانەوە)ی ساڵانی ١٩٣٤ – ١٩٢٦و (ژیان و ژین)ی پیرەمێردو گۆڤاری بەنرخی وەکو (گەلاوێژ)و (نزار)و ...تاد.

هەروەها چاپکراوە خولاوەکانی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو، لەگەڵ چاپکراوەکانی دواتر تادەگات بەسەردمی راپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و تا دەگات بەمڕۆ.

*دەوامی بەشەکەتان چۆنەو چەند کارمەند تیایدا کار دەکەن؟

–ئێمە هەردوو دەوامی بەیانیان و پاش نیوەڕوان کاری تێدا دەکەین و ژمارەشمان شەش کارمەندین.

*رێنمایتان بۆ هامشۆکەرانی بەشەکە چییە؟

–وێڕای پاراستنی هێمنیو پاك و خاوێن راگرتنی هۆڵەکە، بەردەوام داوایان لێدەکەین مامەڵەی گونجاو بکەن لەگەڵ گۆڤارو رۆژنامەکان، پاشان خواستنی چاپکراوەکان تەنیا بۆ ناوخۆی هۆڵەکەیەو بردنە دەرەوەیان بۆ نییە.

*ئەی ئەوانەی پێویستیان بەبابەت و چەند لاپەڕەیەکی چاپکراوە دێرینەکان هەبێت؟

–لای خۆمان ئامێری (فۆتۆکۆپی) هەیەو بێ بەرامبەر بۆیان کۆپی دەکەین.

*وەك ژمارە، سامانی ئەم بەشە گەیشتووەتە چەند؟

–(٥٠٢) ناونیشانی گۆڤاری کوردیو (٤٢٠) گۆڤاری عەرەبی و (٣٣١) رۆژنامەی کوردیو (١١٢) رۆژنامەی عەرەبی.



# بیرەوەریم لەگەڵ کتێبفرۆشیدا

مارف ناسراو



محەمەد ئەمین عەسری (١٩٠٠–١٩٧٥)

لەسەرەتای سییەکانی سەدەی رابردووەوە کە پیاوێکی هەروا تەمەن سی ساڵ، بە کەواو سەڵتەوە کەپێیان دەوت فەقێ محەمەد بۆ خوێندنی وانەکانی ئایین لە شاری کەرکووکەوە هاتبووە سلێمانییو لە مزگەوتی(موفتی) لەسەر شەقامی کاوە کەئێستا بازاڕە، دەستی کردووە بە خوێندن. ئەو کاتانەی خوێندنی نەبوایە ئەچووە خزمەت زانایان بەتایبەت (مامۆستا مەلاساڵحی عەبابەیلێ) کە کتێبخانەی هەبووە لەناو بازاڕ بەرامبەر بازاڕی (ئاری)، هەروەها بۆ لای مامۆستا (مەلا رەحیمی مەریوانی) لە مزگەوتی هەمزاغا کە لە حوجرەکەیدا کتێبخانەیەکی باشی هەبوو بۆ کتێب فرۆشتن، ئیتر (عەسری) لای هەردووکیان کتێبی وەردەگرتو دەچووە بەردەم نەخۆشخانەی خوارەوەی ئەوسای سلێمانیی کە ئێستا(تەلاری کاوە)یە لەوێ بەپێوەدەوەستاو کتێبەکانی دەنایە بن هەنگڵیو یەکدوانێکی بە دەستەوە دەگرتو نیشانی رێبوارانی دەدا بۆ فرۆشتن تا بژیوی ژیانیو خوێندنی فەقێیەتی پێ مەیسەر بکات[1].

دواتریش ساڵی ١٩٤٩ لەشاری کەرکوك کتێبخانەیەکی کردەوەبە ناوی(کتێبخانەی عەسری).

بۆ ئەو رۆژگارەی کەرکوك کەوا پیاوێکی رۆح سووکو نوورانیو دڵپاكو دڵسۆزو خەمۆری کتێبو کتێبخانەی کوردی جێی خۆیەتی ئاماژەی بۆ بکرێ لەو خزمەتکردنە بەکتێبو کتێبخانە[2].

من بەبیرەوەریی خۆمو ئاشناکردنی خوێندەوارانی ئازیز ئاماژە بۆ چەند خاڵێك دەکەم.

یەکەم: من خۆم لەماڵەوە لە نێوان شەستەکانی سەدەی رابردوودا کتێبخانەیەکی زۆر خنجیلانەم هەبوو کە دواتر لەساڵی ١٩٦٧دا هەر هەموویم هێنایە بەردەرکی سەرای سلێمانیو لەشەقامی مەولەوی لەسەرشۆستەکە ڕیزمکردنو کەوتمە فرۆشتنی، ئەو کاتە خوالێخۆشبوو(مەحمود خاکی)ش بەهەمان شێوەو بەر لەمن ئەویش کتێبێکی زۆری لەسەر شۆستەی شەقامەکە ڕیزکردبوو.

ئێمە هەموو کتێبێکی کۆنمان لەخەڵکی دەکڕیوەو داماندەنا بۆ فرۆشتن، من بەدەیان ماڵ چووم کەکتێبخانەیان هەبوو دەمکڕی لێیانو دەمهێنانو ڕیزم دەکردن بۆ فرۆشتنەوە، هەر بۆ نموونە جارێك مامۆستایەك کە ئێستا ناوەکەیم بیر ناکەوێتەوە، وابزانم خزمێکی نزیکی مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم بوو، هاتەلامو وتی "وەرە بابچین لەماڵەوە کتێبێکی زۆرم هەیە بیکرە". لەگەڵیا چووم بۆ ماڵەکەیان لەگەرەکی دارۆغاو کە کتێبەکانم بینیی هەرە زۆریان کتێبی مارکسیولینیی بوون، وەك (الاقتصاد السیاسی– مارکس، أصل العائلە–ئەنجلس، مختارات لینینو کیف سقینا الفولاذ– ئەسترۆفسکی و هتد..).

وتم بەخوا مامۆستا گیان ئەمانە لەوسەرشۆستەیە بۆ من نافرۆشرێ، بەڵام تۆ دوایی هەرسەرم لێ بدەرەوە..

ئەو کاتانە برایەکی خۆشەویست کە هەمیشە لەوبەرمانەوە لەسەر کورسییەك دادەنیشت لە چاپخانەکەی(عەلی لالەمین) جاروباریش سەرێکی ئێمەی دەدا بۆ کرینی کتێبی کۆن پرسیاری دەکرد. عەسرێك هاتە لامان چاوی گێڕا بەکتێبەکاندا، منیش چوومەلایەوەو بەچرپەپێم وت: کتێبخانەیەك هەیە لەوانەی بەڕێزتان لەدووی دەگەڕێنو یەکجاریش کتێبەکان زۆرن لێرەش بۆئێمە نافرۆشرێ، وتی بچۆبیکرەو بە تاکسییەك بیبە بۆفلان شوێن، دەستیکرد بەگیرفانیاو(٣٠) دیناری دامێ کە بۆئەوسا یەکجار زۆر بوو. بۆ بەیانی مامۆستای خاوەنی کتێبخانەکە هاتەوەو لەگەڵیاچووینە ماڵەوەو دوای سەواومامەڵە کردن بە (٢٠) دینار لێمکریو کردمانە دووسێ گوێنیو بەتاکسییەك بردم بۆ ئەو شوێنە، خۆشبەختانە بەڕێزی دەرگاکەی لێ کردمەوەو کتێبەکانمان بردە ژوورێو ووتم بای(٢٠) دینار بوو فەرموو ئەمە(١٠) دینارەکەی باقی..

دوای یەك دوورۆژ تاکسییەك لە بەردەم کتێبخانەی سەر شۆستەکەمانا وەستاو برای دێرینمان دابەزیوو گوێنیەکیی داگرتو ووتی مارف ئەمە بۆ خۆت دیاری منە.. کە گوێنییەکەم کردەوە جگە لە کۆمەڵێ کتێبی کوردی دانسقەو دیوانی کۆنی شاعیران هەموو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژو رۆژی نوێو بڵێسەو هەتاوو شەفەقو هیواو زۆری تر..

ئیتر من تا ساڵی ١٩٧٢ لەسەرشەقامی مەولەوی بەوشێوەیە سەرقاڵی کتێب فرۆشتن بوومو رۆژگارێکە هەرچەندە ژیانی بژێوی ئەوکاتەم سەخت بوو.. بەڵام زۆر شادوبەختیاربووم بەوەی لەناو کتێبدا ئەژیام..

**سەرچاوە:**

**١ــ بۆ کەلتوری شارەکەم، مارف ناسراو، ٢٠٠٨، ل/ ٢٥٤،٢٥٥.**

**٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو**

# کتێبخانەی خوێندنگاکان لەنێوان کێشەو چارەسەردا

ڤیان ئەنوەر رەسوول*

دوای تێپەڕاندنی هەژدەساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەئەنجام گەیاندنی چەندەها پرۆژەی گرنگ لەبوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریدا، بەڵام تاوەکو ئێستا بواری کتێبخانەی خوێندنگاکان وەك پێویست گرنگی پێنەدراوە، بەڕاستی بەشێکی زۆری ئەم ئەرکەش ئەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە.

لێرەدا باس لەچەند کێشەیەك ئەکەین کە ڕووبەڕووی کتێبخانەی خوێندنگاکان بوونەتەوە کە بەڕاستی ئەمەش بۆتە هۆی سستی ئاستی رۆشنبیری خوێندکارانمانو دوورکەوتنەوە لە خوێندنەوە.

بۆ نموونە:ـ

- سەرەتا گرنگترین کێشە نەبوونی بینای گونجاو، یاخود هۆڵی گونجاو بۆ کتێبخانە لەناو خوێندنگاکاندا، تەنانەت لەدروستکردنی بینا تازەکانیشدا رەچاوی ئەم خاڵە زۆرکەم کراوە، پێویست دەکات لایەنی جێبەجێکاری بیناکەو وەزارەتی پەروەردە بەهەماهەنگی پێشوەخت بەرنامەدارێژی بۆ بکەن هەروەك چۆن بۆ تاقیگەکانی وانەکانی فیزیاو کیمیاو زیندەوەرزانیو کۆمپیوتەر...هتد ئەکرێت. ئەبێ ئەم بوارە بەگرنگتر بزانرێت.
- نەبوونی کادری تایبەتمەند لەناو خوێندنگاکاندا بۆ دامەزراندنو سەرپەرشتی کردنی کتێبخانەی خوێندنگاکان، لەکاتێکدا خاوەنی چەندین دەرچووی بەشی زانیارییەکانو کتێبخانە دانەمەزراون تا بتوانن ئەرکەکانیان بەجێبهێنن، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بەبڕیاری تایبەت ئەم دەرچووانە دابمەزرێنێتو ببنە رێنیشاندەر بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی رۆشنبیریو هەروەها دامەزراندنو بەڕێوەبردنی کتێبخانەی خوێندنگاکانیان لەسەر بنەمایەکی زانستی، نەك تەنها هەر بۆ خوێندکار بەڵکو بۆ مامۆستاو فەرمانبەرەکانیش.
- دابین نەکردنی کەرەستەو پێداویستی کتێبخانە هەر لەڕەفەو کورسیو مێزو...هتد. کەمی سەرچاوەی بەسوود کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە ئەبێ بزانرێت چ جۆرە سەرچاوەیەك ئەگونجێت لەگەڵ ئاستی خوێندکارانی خوێندنگاکە بەپێی ناوچەو تەمەنو رەگەز...هتد کەپێم وایە زۆرکەم گرنگی بەولایەنە دراوە.
- جێبەجێ نەکردن، یاخود کەمو کورتی لە جێبەجێکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە ساڵانە رێژەیەکی بۆ دیاری کراوە لەلایەن پەروەردەوە بۆ پێداویستیەکانی کتێبخانە کە دەبێت رێژەکەی زیاتر بکرێتو بەتەواوی پابەندی بڕیارەکەیان بن.
- نەبوونی هاوکاریو هەماهەنگی لەنێوان بەڕێوەبەرێتی پەروەردەو دەزگاکانی چاپ تا لەکاتی دەرچوونی هەر بڵاوکراوەیەکی بەسوود بۆ کتێبخانەی خوێندنگا بە دیاری یاخود نرخی داشکێنراو بدرێت بەکتێبخانەکان.
- دانانی وانەیەکی تایبەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی کتێبخانەو خوێندنەوە لایەنی کەم هەفتەی یەك کاتژمێر لە خوێندنگاکاندا بەهاوکاری نێوان بەڕێوەبەرێتی پەروەردەو پسپۆڕو تایبەتمەندانی ئەم بوارە، ئەمەش ئەبێتە هەنگاوێکی باش بۆ تێگەیاندنی خوێندکارانو شارەزابوونیان لە کتێبخانەو زیاتر هەوڵی خوێندنەوە بدەنو بەدوای سەرچاوەی بەسوودا بگەڕێن.
- کردنەوەی خولی خێرا بە بەردەوامی بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانەی خوێندنگاکان تا بەردەوام ئاگاداری گۆڕانکاریەکانو بەرەوپێش چوونی سیستمی کتێبخانەکان بن.
- نەبوونی خشتەکانی پۆلێن بەتایبەت پۆلێنی دیوی کە ئەم جۆرەیان لە کتێبخانەکانماندا پەیڕەو دەکرێتو نەبوونی سیستمێکی یەکگرتوو بۆ پۆلێن کردن، وەکو ئەبینین هەر خوێندنگایەو بەجۆرێ پۆلێنی سەرچاوەی سەر رەفەکانی کردووە کە هەندێکیان هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، لەکاتی سیستمی پۆلێنی یەکگرتوو سەرجەم کتێبخانەکان بەیەك رێڕەودا ئەڕۆنو ئاسانکاری تەواویشە بۆ فەرمانبەری کتێبخانەو خوێندکارانیش.

هەموو ئەم کێشانەو چەندین کێشەی تریش بونەتە هۆی ئەوەی کتێبخانەکانی خوێندنگا بەرەوپێش نەچێتو خوێنەر کەمتر رووبکاتە کتێبخانەکانو کەمتر ئارەزووی خوێندنەوە بکات.

* ئەمینداری کتێبخانەی ئامادەیی گوڵان
لە سلێمانی





کتێبخانەی قوتابخانەی ئاڤگەی سەرەتایی لەسلێمانی

# تۆمارەکانی کتێبخانەو چۆنیەتی کارکردن لەسەریان

و. نەواز جەلال*

کتێبخانە، رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە بڵاوکردنەوەی زانیاری مرۆییدا لەڕێی سەرچاوەکانیەوە کە بریتین لە(کتێب، رۆژنامە، گۆڤار)و چاپکراوی تر، پسپۆری کاری کتێبخانەیی پرۆسەی تۆمارکردنی سەرچاوەکان لە چەند تۆمارێکی تایبەتدا ئەنجام دەدات کەوا هەریەکەیان بۆ مەبەستی دیاریکراو ئامادەکراون.

## تۆمارە سەرەکیەکان:

١ـ تۆماری کتێب(تۆماری رۆژانەی کتێبخانە).
٢ـ تۆماری تایبەتی هامشۆکەران.
٣ـ تۆماری خواستنی دەرەکی.
٤ـ تۆماری چاپکراوە خولاوەکان(گۆڤارو رۆژنامە).
٥ـ تۆماری ئامار بۆ چالاکییەکانی کتێبخانە.

## تۆمارە لاوەکیەکان:

١ـ تۆماری کۆنووسی کۆبوونەوەکانی کتێبخانە.
٢ـ تۆماری کۆنووسی کۆبوونەوەکانی دەستەی هاوڕێیانی کتێبخانە.
٣ـ تۆماری بودجە.
٤ـ تۆماری پرۆگرامی چالاکییە کتێبخانەییەکان.
٥ـ تۆماری هۆکارەکانی فێرکردن.
٦ـ تۆماری چالاکییەکانی بەشی کتێب لەڕووی بەکارهێنانەوە.
٧ـ تۆماری کۆڕو سیمینار.
٨ـ تۆماری وانەبێژی.
٩ـ تۆماری پێشبڕکێ.
١٠ـ تۆماری پەخشو راگەیاندن.
١١ـ نمایشی سەرچاوە نوێیەکان بەشێوەی هەفتانە یان نیوەمانگیو بۆنە جیاوازەکانی تر.

لێرەوە، لە گرنگترین تۆمارە سەرەکییەکانی کتێبخانە دەدوێین:

١ـ تۆماری کتێب، یان رۆژانەی کتێبخانە:

لە گرنگترین تۆماری کتێبخانەیە، بەهۆیەوە قەوارەی کتێبخانەکە دەردەکەوێت لەڕووی دامەزراندنی ئەو سەرچاوانەی لەناوچوون یان لابراون یاخود ونبوون، نابێت لەم تۆمارەدا سڕینەوەو دەستکاریکردن هەبێت، بۆ ئەو کتێبانە کە لەکتێبخانەدا نامێنن بەرامبەر ناوەکانیان بەڕەنگی سوور ئاماژەیان پێدەدرێت.

٢ـ تۆماری هاموشۆکەرانی کتێبخانە:

ناوی هەموو ئەو کەسانەی تێدا دەنووسرێت کەدێنە کتێبخانەوە بەمەبەستی خواستن، یان خوێندنەوەو ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان.

٣ـ تۆماری خواستن:

بۆ دیاریکردنی هەموو ئەو چاپکراوانەی دەبرێنە دەرەوەی کتێبخانە.

٤ـ تۆماری چاپەمەنییە خولاوەکان:

بۆ تۆمارکردنی ناوو ژمارەی سەرجەم گۆڤارو رۆژنامەکان، دەبێت لەپەڕەی یەکەمدا رێبەرێك بکرێت بۆ تۆمارکردنی ناوی خولاوەکانو دیاریکردنی ئەو لاپەڕانەی کەوا خولاوەکانیان تیا تۆمارکراوە.

٥ـ تۆماری ئاماری چالاکییەکانی کتێبخانە:

بۆ دیاریکردنی سەرجەم چالاکییەکان بەژمارە، کە لەتوێژینەوەکاندا سوودیان لێدەبینرێت، هەروەها ئەو چاپکراوانە دیاریدەکرێن کە خواستی زۆریان لەسەرە، یاخود خواستیان لەسەر نییە، هەرچۆن هۆکاری زۆری یان کەمیی هاموشۆکەریش دیاری دەکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی کۆڕو سیمینارو ژمارەی ئەو چاپکراوانەی کە بەکڕین یاخود دیاری هاتوونەتە کتێبخانەوە، هەروەها بێجگە لەو تۆمارانەی کە ئاماژەیان بۆکرا، لەبەشی هونەریی کتێبخانەدا کە دەکاتە بەشەکانی(تۆمار)و(پێرستو پۆلێن) هەریەك لە تۆمارەکانیان رۆڵی گرنگیان هەیە لەپرۆسە هونەرییەکانی کتێبخانەدا کە دواتر لێیان دەدوێین.

ماڵپەڕی(اليسير)ی کتێبخانەکان

* لێپرسراوی بەشی تۆمار لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی




تۆمار لەکتێبخانەیەکی ئەوروپیدا



بەشی تۆمار لەکتێبخانە گشتیی سلێمانی

# چاندنی حەزی خوێندنەوە لەدەرونی منالدا

## وڵاتی هۆڵاند بۆ نمونە*

مەحمود رەزا ئەمین

**خوێندنەوە لە ناو کۆمەڵی هۆڵاندی دا بوە بەخوو، بوە بە کلتور. بە مێژوی ئەم کلتورەدا نەچومەتەوە تا بزانم لە چ قۆناغێك دا لەدایك بوە و نەشونمای کردوە، بەڵام ئێستا قوڵ بەناخی کۆمەڵدا رۆچۆتە خوارێ.**

**هۆڵاندی کە بەیانیان ئەچێ بۆسەر کار و ئێواران کە لە کار ئەگەڕێتەوە، لەناو پاس و شەمەندەفەردا ئەخوینێتەوە. کە ئەچێ بۆ سەفەر کتێب هاوڕێیەتی. شەو پێش نوستن ئەبێ چەند لاپەڕەیەك بخوینێتەوە. لەناو تەوالێتیشدا ئەخوێننەوە. منالی هۆڵاندی شەوان دایکی یان باوکی چیرۆکی بۆ نەخوینێتەوە، خەوی لێ ناکەوێ.**



منال لە منالییەوە لەگەڵ خوێندنەوە رائەهێنرێ. دایك و باوك لە تەمەنی شەش حەوت مانگیی تەمەنی منالەکەیانەوە ئەکەونە خوێندنەوەی چیرۆکی منالانە بۆی. چیرۆکەکان لەگەڵ گەورەبونی تەمەنی منالدا گەورە ئەبن. کتێبی چیرۆکەکان بەشکڵ و شێوەو قەبارەو مەلمەس لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازن.

لەبەرئەوەی منال زۆر لە منالییەوە بۆی ئەخوێنرێتەوە، گوێی و هەستی لەگەڵ خوێندنەوە رادێن. کە ئە ئاوزێ، بەبێ خوێندنەوەی چیرۆك بۆی، چاوی ناچێتە خەو.

دایك و باوك ئەم تاقەتەیان لەکوێ بو هەمو شەوێك چیرۆك بۆ منالەکەیان بخوێننەوە تا ئەیخەنە خەو؟ هەیانە، چونکە خۆشیان بەمنالی وەها پەروەردە کراون.

کەمنال تەمەنی گەیشتە شەش- حەوت سالی، کە خۆی فێری خوێندنەوە بو، ئیتر ئەو قۆناغە دەست پێ ئەکا کە خۆی، بۆخۆی بخوینێتەوە. بابەت و زبانی چیرۆکەکان و شکڵ و شێوەی کتێبی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەش لەگەڵ قۆناغی پێشتر و هی پاشتریش جیاوازن.

تا ئێرە، راهێنانی منال لەسەر خوێندنەوە، بەتەنیا ئەرکی ئەو دایك و باوکانەن کە خۆشیان لە منالیدا بەهەمان شێوە پەروەردە کراون. دوای ئەم قۆناغە مەکتەب و، لە رێگەی مەکتەبیشەوە دەستی دەوڵەت دێتە ناوەوە بۆ بەشداریکردن لە پەرەوەردەکردنی منال و راهێنانی لەسەر خووی خوێندنەوە: لە مەکتەب دا کتێبخانەی مەکتەب هەیە، لە گەڕەکدا کتێبخانەی گشتی و لەناو شاردا کتێبخانەی گشتیی گەورەو گەورەتر هەن.

منال لە گروپی (٤ و ٥)** ی سەرەتاییەوە فێری لێکۆڵینەوە و کارکردن لەگەڵ/ لەناو گروپ دا، ئەکرێ. بەگوێرەی حەزی منالەکان و پێکەوە گونجانیان، مامۆستا بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە چەند تەلەبەیەك (٢، ٣ یان زیاتر) رائەسپێرێ لێکۆڵینەوە بنوسن. بۆئەوە ئەیاننێرێ بۆ کتێبخانەی مەکتەب یان کتێبخانەی گشتیی گەڕەك. داوایان لێ ئەکا بە ئارەزوی خۆیان باڵندەیەك، گیانلەبەرێك، ئاژەڵێك، روەکێك دیاری بکەن و لەسەرچاوەکاندا زانیاری بدۆزنەوە و لەسەر ژیان و مردنی بنوسن.

ئەو پرۆسێسە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و مەعریفەی منال بەردەوام ئەبێ، هەتا خوێندن تەواو ئەکا. ئەگەر لە قۆناغی سەرەتاییدا داوا لەمنال بکرێ لەسەر باڵندەو ئاژەڵی کێوی و ماڵی و ئەو شتانە بنوسێ، ئەوا دواتر لێکۆڵینەوەکان ئەچنە بواری زانستەکان یان کەموکوڕییەکانی ناو کۆمەڵ و چۆنێتی چارەسەرکردنیان. بەوشێوەیە منال هەم فێری خوێندنەوە ئەبێ هەم لێکۆڵینەوە. ئەمیش کە گەورە بو، ژنی هێنا یان شوی کرد، بەهەمان شێوە منالەکانی پەروەردە ئەکا. پرۆسێسەکە ئاوا درێژەی هەیەو ئیتر خوێندنەوە بوە بە کلتور و سوڕێکی ئەزەلی.

منال ئەتوانێ ببێ بە ئەندامی کتێبخانەکان. بۆ هاندانی منال بۆ خوێندنەوە، لە رێگەی قوتابخانەوە قوتابی (ناسنامەی بەشدار: هویە إشتراك) ی کتێبخانەی گشتی بۆ ئەکرێ. سالانە، نیوسال جارێك یان وەرزی جارێك منال بڕێ پارەی رەمزی ئەدات بە کتێبخانەکە. تا ژمارەی بەشدارانی کتێبخانەکە زۆرتر بن، باشتر ئەتوانێ خزمەت پێشکەشی ئەندامەکانی بکا***.

منال نەك هەر لە کتێبخانەی مەکتەب، کتێبخانەی گشتیی گەڕەك یان کتێبخانەی گشتیی شار ئەتوانێ بەشدار بێ و ئابونەیەکی کەم بدا، بەڵکو ئەتوانێ لە کتێبخانەی زانکۆی شارەکەشی لەبەرامبەر بڕێ ئابونەی دیاریکراودا ببێ بە ئەندام، سەردانی بکاو کتێب و بابەتی لێ بخوازێ و لەژورەکانی ئینتەرنێتی زانکۆوە، بچێتە ناو دنیای قوڵ و جەنجاڵی ئینتەرنێتەوە. لێ، ئێستا بەهۆی زۆربون و هەرزان بونی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێتەوە، هەمو کەسێك/ منالێك ئەتوانێ لەماڵی خۆیدا ئینتەرنێتی هەبێ.

رۆژی ٢٩/١٠/٢٠٠٩ سەرێکم لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و، لەبەشی منالانەکەی دا. کارمەندەکانی بەشی منالان دڵسۆزییان پێوە دیارە. ئەگەر (دەسەڵات، دەوڵەت: شارەوانی یان وەزارەتی رۆشنبیری) لەخەمی گەشەپێدانی ئەم بەشەدا بێ، ئەتوانێ باشتر خزمەت بکا.




راستە لە کوردستان خوێندنەوە نەبوە بە کەلتور، راستە هەندێك لە گەورەکان ئەخوێننەوە و دەوڵەت / دەسەڵات ئەوەی بیری لێ نەکاتەوە (خەمی: خوێندنەوەو نەخوێندنەوەیە)، بەڵام بەم ئیمکانیاتەی ئێستاشەوە ئەتوانرێ بەشی منالانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی باشتر منالان هانبدات بۆ خوێندنەوە.

بەهیوای باشتر رێکخستنی کتێبخانەکەو باشتر هاندانی منالان بۆ خوێندنەوە، ئەم چەند پێشنیارە دەخەمە بەرچاوی لێپرسراوە بەڕێزەکانی ئەم کتێبخانەیە:

١- دانانی خەڵاتێکی سالانە بۆ ئەو منالانەی زۆرترین کتێب-یان لە کتێبخانە خواستوەو زۆرترین ماوە خوێندویانەتەوە. ئەکرێ سەرەتا زۆر سادە دەست پێ بکا: سێ خەڵاتی سالانە، بۆ خەڵاتەکانی یەکەم، دووەم و سێیەم.

٢- بایەخدانی میدیایی بەو بۆنەیەو دەرخستنی منالە خەڵاتکراوەکان. ئەو دوو خالە ئەبنە هۆی هاندانی منالانی تر بۆ خوێندنەوە.

٣- مەکتەبەکان/مامۆستاکان، منال بە تاك یان بە گروپ رابسپێرن بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە. وەکو ئەوەی لەبەشی سەرەوە باسم کردوەو لە هۆڵاند کاری پێ ئەکرێ. بەڵام ئەبێ لێکۆڵینەوەکان پەیوەندییان بە حەزو تەمەنی منالەوە هەبێ، نەك حەزو ئارەزوی مامۆستا یان دایك و باوك.

٤- داتاکردنی ناو و بابەتی کتێبەکان لە کۆمپیوتەردا.

٥- بەخشینی ژمارەی دیاریکراو بەهەر کتێبێك، بۆ ناسینەوەی لەلایەن کۆمپیوتەرەکەوە. بایەخی بەخشینی ئەم ژمارەیە سێ شتە: یەکەم: کتێبەکە لەباتی ناوێکی درێژ، بە ژمارەیەك ئەناسرێتەوە، دووەم: ئەزانرێ چ کتێبێك خوێنەری زۆرە، سێیەم: ئەتوانرێ بدۆزرێتەوە چ منالێك زۆرترین کتێب و زۆرترین ماوە خوێندویەتیەوە. ئەمە بۆ دیاریکردنی خاوەنی خەڵاتەکان بەسودە.

٦- بەدیهاتنی خالەکانی (٤ و ٥) ئامرازێکی تر بەدوای خۆیا رائەکێشێ: سکانەرێك بۆ سکانکردنی ناوی ئەو کتێبانەی ئەخوازرێن بۆ خوێندنەوە و، ئەوانەی پاش خوێندنەوە ئەهێنرێنەوە. بەو شێوەیە کارمەندی کتێبخانەکە ئەتوانێ لەیەك چرکە ساتدا بزانێ فڵان کتێب لە کەیەکەوە خوازراوە بۆ خوێندنەوە و، کێ خواستویێتی...لەکاتی دیاریکراودا هێنراوەتەوە یان دواکەوتوە.

٧- نوسینی سەر خانەی کتێبە پۆلێنکراوەکان، لەباتی دەست، بە کۆمپیوتەر بێ (چیرۆك، مێژو، جوگرافیا...هتد).

٨- کردنی ناسنامە بۆ ئەو منالانەی ئەخوێننەوە/ سەردانی کتێبخانە ئەکەن، لەبەرامبەر ئابونەیەکی رەمزیی سالانە. ئەمە دوو قازانجی هەیە: یەکەم: منالەکە هەست بە خۆشی ئەکا و هانی ئەدا زوو زوو سەر لە کتێبخانە بدا، دووەم: کتێبخانەی منالان دەسکەوتی ئەبێ و ئەتوانرێ بۆ پەرەپێدانی بەشەکە (بەشەکە، نەك بەشەکانی تر) بەکاربهێنرێ.

---------------

* ئەوەی لەم کورتە وتارەدا لەسەر رۆڵی مەکتەب و مامۆستا لە راهێنانی منال لەسەر خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە نوسیومە، تاقیکردنەوەی ئەو شارەیە کە تیایا ئەژیم، شاری دێلفت. لەبەرئەوەی سیستمی سیاسیی هۆڵاند نا- ناوەندییە، ئەشێ ئەو پرۆسێسە لە شارێکی تری هۆڵاندی بەجۆرێکی تر بێ. بەڵام چوارچێوە گشتییەکەی راهێنان لەسەر خوێندنەوەو کردنی بە کلتور پەیوەندی بە سیاسەتی دەوڵەتەوە هەیە.

** قوتابخانەی سەرەتایی لە وڵاتی هۆڵاند ٨ سالە، ٨ گروپە. لە تەمەنی ٤ سالییەوە دەست پێ ئەکا، لەتەمەنی ١٢ سالیا کۆتایی دێ. لەوێ لەباتی پۆل، گروپ بەکار دێ.

*** کتێبخانەی گشتی، وەکو هەمو شتەکانی تر، جێگیر و هەتا هەتایی نیە. کە دەوڵەت لە گەڕەکێکدا کتێبخانەیەکی گشتی ئەکاتەوە، چاودێریشی ئەکا بزانێ میوان و خوێنەری هەیە یان نا. ئەگەر ژمارەی بەشدارانی کەمیان کرد...ئەگەر ژمارەی ئەوانەی کتێبی لێ ئەخوازن کەمیان کرد، دەوڵەت قازانج و زەرەری هەڵ ئەسەنگێنێ، ئەگەر دەرکەوت مەسرەفی زۆر و سودی کەمە، دای ئەخا. داخستنی کتێبخانەی گشتی لەو گەڕەکانەدا روئەدا کە زۆرینەی دانیشتوانی نا-ئەوروپایین و بە رەگەز خۆرهەڵاتین.

# کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

**و. راستی**

کتێبخانە لەوەتێپەڕیوە کەبەتەنیا کتێبی چاپکراوی تێدابێت، بەڵکولەپاڵ کتێبدا ژمارەیەکی باش لەکەرەستە کاغەزییە چاپکراوەکانی دیکەی وەکو رۆژنامەو بلاوکراوەوخولاوەکانی تری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ، هەرچۆن نەخشەو ئەتڵەس و وێنەی ئەندازەیی تیادا دادەنرێ، ئەمانە بێجگە لە دەستنووسی کۆن و نامەو یاداشتی نوێ و سەرچاوەی دیکەی کاغەزیی چاپنەکراو.

هەر لەکتێبخانەدا کەرەستەی تری وەکو مایکرۆفیلم و کاسێت و سیدی دەپارێزێت، هاوکات ئاسانکاریی دەکرێت بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە لەلایەن هامشۆکەرانەوە، کەواتە کتێبخانە ئەو جێگایەیە کە تیایدا خەڵکی دەتوانن بەهەموو زانیارییەك بگەن، لەهەمان کاتدا توێژەر دەتوانێ تیایدا توێژینەوە ئەنجام بدات، بەکورتی کتێبخانە وایلێهاتووە پێی بگوترێت(کۆمەڵێ کەرەستەی سوودبەخش بۆ بەکارهێنانی گشتی).

### کتێبخانە لەسەر تۆڕی جیهانیی

لەگەڵ دەستپێکردنی کاری ئینتەرنێتدا،پسپۆڕان ویستوویانە کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی بخەنەسەر، تاگەیشتن بە زانیارییەکان و سەرلەنوێ بلاوکردنەوەیان کارێکی ئاسان بێت، لەراستیدا ئینتەرنێت بریتییە لە کتێبخانەیەکی یەکجار گەورە.

سەدان هەزار کتێبخانە ناویان لە ئینتەرنێتدا دێت، یان لاپەڕەی پێناسەکردنیان دەبینرێت، کتێبخانەکانیش بە پێی ناونیشان، یان بواری تایبەتمەندییان، وەکو (یاسایی، پزیشکیی، یان کتێبخانەی وێنەیی) لەیەکتر جیادەکرێنەوە.

### جۆرەکانی کتێبخانەی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت

دەبێ جیاوازیی لەنێوان کتێبخانەکانی سەرتۆڕەکان بکرێت، لەوانەش:

١ـ ئەوانەی بەتەنیا لاپەڕەیەکی بانگەشەو پێناسەیان هەیە: ناتوانرێ لەناوەرۆکی بابەتەکانیان بکۆڵرێتەوە، یان کتێبێ بەدەستبێنێت، ئیدی کاغەزیی بێت یان ئەلیکترۆنی.

٢ـ ئەوانەی نیمچە تەقلیدین:

بەهۆی تۆڕەکانەوە مامەڵە لەگەڵ خوێنەران دەکات، پێڕستەکەی نمایش دەکات و کتێبی کاغەزیی دەنێرێت، ئەم خزمەتگوزارییە بەزۆریی لە زانکۆکان و دامەزراوەکانی تری پەروەردەو هەندێ لە کتێبخانە گشتییەکاندا ئەنجام دەدرێت.

٣ـ کتێبخانەی ژمارەیی، یان ئەلیکترۆنیی راستەقینە:

دەتوانرێ گەڕن بەناویدا بکرێ، پاشان راستەوخۆ زانیارییەکان بخرێتە سەر ئامێری کۆمپیوتەرو لەلاپەڕەی وەکو(وێب) دابەزێنرێت وەك تێکستێك، یان وەك فایلێکی (وۆرد)، یان فایلێکی PDF، ئەم فایلی تێکستانە بەبچووکی قەوارەیان و خێرایی دابەزاندنیان ناسراون.

### سوودی بەکارهێنانی کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی

ژیرولێهاتوویی رۆڵیان لەبەکارهێنانی کتێبخانەدا، کتێخانەی تەقلییدیی بێت یان، ئەوەی لەسەر ئینتەرنێت هەیە، تەنانەت بەکارهێنانی خودی ئینتەرنێتیش زیرەکییەکی دەوێت، ئەوانە بوونەتە پێویستی هەنووکەیی لە خوێندندا بۆ هەر بوارێك و پرۆگرامێکی فێربوون، مەشق کردن وخۆڕاهێنان بۆ بەکارهێنانی هەزاران کتێبخانە لەسەر تۆڕی جیهانیی لێهاتوویی سەرەکیی لێ دەکەوێتەوە، وەکو گەڕان و بەئەرشیف کردن و توانای زمانەوانی و شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن.

### مەرجەکانی بەکارهێنانی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

هەندێ کتێبخانە داوای نرخی بەشداربوون دەکەن وهەندێك بەتەنیا داوای ناوتۆمارکردن وهەندێکی تر هیچ مەرجێکیان نییە، ئەوانەی نرخیان داناوە ساڵانە دەبێ پارەیان بۆ بنێردرێت، یان بەڵگەی ئەندامێتی لە زانکۆیەك یان دامەزراوەیەکی پەروەردەییدا.

بەڵام کتێبخانە بێ بەرامبەرەکان هیچ جۆرە مەرجێکیان نییە بۆ بەکارهێنانیان، کتێبخانە هەیە داوای مافی بەکارهێنان ناکات, وەك( پرۆژەی گۆتنبێرگ) کە پرۆژەی کتێبخانەیەکی کراوەیە و زۆرکتێبی لەخۆگرتووە کە داواکاریی مافی نووسین و چاپکردنیان بەدواوە نییە.

کتێبخانەی وایش هەیە بێ رەچاوکردنی مافی خاوەنەکانی کتێب دەخاتە بەرچاو.

سەرچاوە:

**سعد محمد الهجريـی، المكتبة وبنك المعلومات في الأذاعة والمجلة والمجتمع، الأسكندرية، ٢٠٠٠.**



# کتێبەکەت لە (٥) دەقیقەدا چاپ بکەو وەریبگرەوە!

**بێستون فەرهاد**

کتێبخانەی بلاکوێل لە بەریتانیا ئامێرێکی بۆ چاپکردنی کتێب بەکارهێناوە کە لەماوەی ٥ دەقیقەدا کتێبێکی (١٠٥) لاپەڕەیی بە قەبارەی (A4) لەچاپ دەدات. ئەم ئامێرە لەلایەن کۆمپانیای (ئۆن دیماند بوکس) دروستکراوەو زیاتر لە (١٢) دانەی لە جیهاندا نییەو گۆڤاری (تایم)ی ئەمریکی بە باشترین داهێنانەکانی (٢٠٠٧)ی داناوە.

لەمەودوا هەر کەسێك دەتوانێ ئامێری ئێسپریسۆ بوك ماشین بۆ لەچاپدانی هەر کتێبێك بێت بەکاربهێنێ، جا ئەگەر کتێبی خۆی بێت یان لە لیستی کتێبە رێپێدراوەکان بێت کە مافی چاپی نەبێت و لەتەنیشت ئامێرەکەدا دانراوە. ئەم ئامێرە هاوشێوەی هەردوو فۆتۆکۆپی و پرینتەرە لەماوەی (١) دەقیقەدا دەتوانێ (١٠٥) لاپەڕە لەچاپبدات، واتە کتێبێك لەماوەی (٥) دەقیقەدا.

ئەندرو هەچنز، یەکێ لە لێپرسراوەکانی بلاکوێل، دەڵێت: "خزمەتگوزاری دابینکردنی کتێب، وەك ئەوەی لای کۆمپانیای وەك ئەمازۆن هەیە، ماوەی یەك تا دوو رۆژی دەوێ تا بگاتە دەست کڕیار، بەڵام بەبەکارهێنانی ئێسپریسۆ کڕیار دەتوانێ لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا داوای بکات و وەریبگرێتەوە. جیا لەمەش، ئەمە چەندین کات و پارەش دەگەڕێنێتەوەو هەروەها دانەی زیادیش لەچاپنادرێت کە دووبارە بگەڕێندرێتەوە".

ماوەتەوە بڵێین کە نرخی کتێبێکی (٣٠٠) لاپەڕەیی بە (٣٠) پاوەندەو هەچنز هیوای وایە ئەم نرخە لەدوارۆژدا بێتەخوارەوە.





# دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانەکان

**(١-٢)**

**ئا. یاسین قادر بەرزنجی**

**ئەمڕۆ لە دنیای پێشکەوتوودا زانستی (کتێبخانەو زانیارییەکان) بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە ئاستی خوێندەواری تیایاندا باڵایە.**

**دوای راپەڕین ئاوڕی جددی تر لە کتێبخانەکانی کوردستان دراوەتەوەو بوونی دوو بەشی تایبەتمەندیش، بەکتێبخانەو زانیارییەکان لەهەردوو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیو هەولێر، ئاسۆیەکی گەشی لەبەردەم پرۆسەی بەرەوپێشبردنی ئەم زانستەدا دەرخستووە.**

**ئەم (دەروازە)یەش هەر بۆ مەبەستی زیاتر ناساندنی لایەنەکانی ناوبراوەو بە هیوام ئامانجی خۆی بێنێتە دی.**

**ئەم زاراوانە کە لە ئاقاری ئەم دەروازەیەوە دەکەونە بەرچاوو بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەشکراون، دەبنە ڕێنمایکاری سەرەتایی بۆ کارمەندانی کتێبخانەکان.**



## دامەزراوی زانیارییەکان

ئەو دامەزراوانەن کە ئەرکی سەرەکییان دەستەبەرکردنی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی زانیارییە، بە مەبەستی ڕێکخستنیان و ئامادەکردنیان بۆ بەردەستی هەموو ئەوانەی سوودمەند دەبن لێیان، ئەوانیش بریتیین لە:

**١. کتێبخانەی قوتابخانەکان** School Libraries

یەکەمین جۆری کتێبخانەیە کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئەوانەن کە لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا دەکرێنەوە و ئامانجیان ئامادەکردنی سەرچاوەکانی زانیارییە بۆ قوتابیان کە دەبنە تەواوکەری پرۆگرامەکانی خوێندنیان، لەگەڵ سەرچاوەی دیکەدا کە بتوانن لە کاتە زیادەکانیاندا بیانخوێننەوە، ئەم جۆرە کتێبخانەیە هاوکات دەبێتە مایەی سوود بینینی مامۆستا و کارمەندانی نێو قوتابخانەش.



**٢. کتێبخانەی زانکۆکان** University Libraries

ئەوانەن کە لە نێو زانکۆ و کۆلیژەکان و بەشە زانستییەکاندان، خزمەتگوزاریی خۆیان پێشکەش بە خوێندکار و مامۆستا و کارمەندان دەکەن و دەوڵەمەندیی سەرچاوەکانی زانیاریی تیایاندا دەبێتە پاڵپشت بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن و هاوکاریی خوێندکاران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکانیان، هەر چۆن دەبنە جێگایەك بۆ پاراستنی نامە و تێزە زانکۆییەکان کە لە کۆلیژەکاندا خاوەنەکانیان بڕوانامەیان پێبەخشراوە و ئەو نامانە بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا دەبنەوە مایەی سوود وەرگرتن.

**٣. کتێبخانە گشتییەکان** public Libraries

ئەو کتێبخانانەن کە خزمەتگوزاریی خۆیان پێشکەش بە خەڵکی دەکەن بە جیاوازییانەوە، ئەوانیش هەموو توێژەکان دەگرنەوە لە منداڵ و قوتابی و کرێکار و پێشەوەر و کەسانی ئەکادیمی، تیایاندا هەموو ئەو سەرچاوانە چنگ دەکەون کە سەر بە زانیارییە مرۆییەکانن و لە سەرجەم بابەتەکاندان.

**٤. کتێبخانە تایبەتمەندەکان** Special Libraries

ئەوانەن کە لە بوارێکی بابەتیی دیاریکراوی وەك: پزیشکی، ئەندازیاری، کشتوکاڵی و... تاد، خزمەتی تایبەتمەندان دەکەن، هەر چۆن کتێبخانەی تایبەتمەندیش هەن کە لە بواری بابەتیی فراواندان، وەکو زانستە رووتەکان و زانستە پراکتیکییەکان، یان زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان، لەو کتێبخانانەش ئاماژە بە کتێبخانەی وەزارەتەکان و دامەزراوە حکومەییەکان دەکەین، هەروەها هەندێك کتێبخانەی کۆلێژەکانیش بەتایبەتمەند لە قەڵەم دەدرێن.

**٥. کتێبخانە نیشتمانییەکان** National Libraries

لە نێو وڵاتدا بە کتێبخانەی (دایك) ناودەبرێ، ئەرکی تایبەتی هەیە و ئەویش بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرجەم بەرهەمە هزرییەکان کە لەناو وڵاتدا دەردەچن، یان ئەوانەی بە وڵاتەوە پەیوەستنو لە دەرەوە بڵاودەکرێنەوەو بە هەر زمانێك بێ لە کتێبخانەی نیشتمانیدا دەپارێزرێن، هەروەها کتێبخانەی نیشتمانی ژمارەی سپاردن بە هەر چاپکراوێکی نوێ دەبەخشێو چەند دانەیەکیش لەو چاپکراوە وەردەگرێ بۆ پاراستنی لە کتێبخانەدا، لەو وڵاتانەشدا کە کتێبخانەی نیشتمانی نییە، یەك لە کتێبخانە زانکۆییە گەورەکان ئەو رۆڵە دەبینن، هەرچۆن لە کوردستانی خۆیشمان بەڕێوەبەرێتی کتێبخانە گشتییەکان یان کتێبخانەی گشتی بەم ئەرکە هەڵدەستن.

## سەرچاوەی زانیارییەکان

بریتیین لە هەموو سەرچاوەیەکی زانیاریی جیاواز، کە لە بازاڕەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا دەخرێنە روو، هاوکات کتێبخانەکان لە هەوڵی دابینکردنیاندا دەبن، ئەوانیش بریتیین لە:

**١. کتێب** Books

بەپێی پێناسەی یۆنسکۆ، کتێب چاپکراوێکی ناخولاوەییە کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٤٩ لاپەڕە کەمتر نەبێت، کارێکی هزرییەو لە دوو توێیدا سەرەتاو کۆتایی هەیەو لە یەکێك لە بابەتەکانی زانیاریی مرۆییدا مادەیەکی زانستی چارەسەر دەکات.

**٢. خولاوەکان** periodicals:

چاپکراوێکی خولاوەییەو لە ماوەیەکی دیاریکراو، یاخود دیارینەکراودا بڵاودەکرێتەوە، یەك ناونیشانی دیار لەخۆدەگرێ و هەر بەو ناوەوە هەموو ژمارەکانی دەردەکرێت، ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان بەشداریی دەرکردنی دەکەن و پلانی بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام و نەوەستاوە، یان بۆ ماوەیەکی کاتی، خولاوەکان کە بریتین لە رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان بە شێوەیەکی رۆژانە، هەفتانە، نیو مانگی، مانگانە، وەرزیی، شەش مانگی، یاخود ساڵانە دەردەکرێن.

**٣. بچووککراوەکان** Microforms:

فیلمی وێنە گرتنەوەی ئاساین کە وێنەی بچووککراوە دەپارێزن بە قەوارەی (٢٥٠) ئەوەندە بچووکتر لە خودی سەرچاوەکە، ئەمەش بۆ گێڕانەوەی ئەو هەموو جێگایەی کە بابەتە چاپکراوەکان داگیری دەکەن، یارمەتیدەر دەبێت. مایکرۆفۆرمس چەند جۆرێکی هەیە، وەکو: مایکرۆفیلم، مایکرۆفیش، کارتی کونتێکراو، بچووککراوەکان بۆ ئامادەکردن و خوێندنەوەیان پێویستیان بە ئامێری تایبەت بە خۆیان هەیە.

**٤. کەرەستەکانی بیستن و بینین**
Audio Visual Materials

ئەو کەرەستانەن کە پشت بە هەستەکانی بیستن و بینین دەبەستن، یان هەردووکیان پێکەوە، بۆ تێگەیشتن لە هەر زانیارییەك کە لەسەر ئەو کەرەستانەدا هەبن، ئەوانیش لە کەرەستەکانی بیستن سەرچاوە ناتەقلیدییەکانی زانیارین، بۆ نموونە (قەوان و نەواری کاسێت)ن و لەوانەی بینینیش (وێنە و نیگار و نەخشە)ن و لەوانەی هەردووکیشیانن (بیستن و بینین) ئاماژە بە نەواری ڤیدیۆ و فیلمی سینەما و سیدییەکان دەکەین.

**٥. نەواری ڤیدۆ و فیلم و سیدی**
Compact Disks-CD Roms:

لە کەرەستە نوێیەکانی کۆکردنەوەو پاراستنی زانیارییەکاننو ژمارەیەکی زۆر لە داتاکان بە شێوەی جیاواز، تێکست یان بیستراو یاخود بینراو بن، دەپارێزن.

لەم ساڵانەی دواییدا جۆرێکی دی لە سیدی داهێنراوە کە بە "DVD" ناودەبرێتو توانای گرتنەخۆ و پاراستنی یەکجار زۆری هەیە.



# بیبلیۆتیراپیا .. یان چارەسەر بەخوێندنەوە

و. ساکار عەلی عەبدوڵڵا

**چارەسەر بەخوێندنەوە، یان بیبلیۆتراپیا bibliotherapy بریتییە لە بە کارهێنانەوەی سەرچاوەکانی خوێندنەوە وەك کەرەستەیەکی چارەسەرو یارمەتیدەرێك بۆ پزیشکی جەستەیی یان پزیشکی دەروونی، هەروەها بۆمەبەستی چارەسەری کێشە کەسییەکان لەرێی خوێندنەوەی تەواوەوە.**

## جیاوازیی چارەسەر بەخوێندنەوە وەك زانست و هونەر

چارەسەری نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکان بەخوێندنەوە دەچێتە خانەی زانستی بیبلیۆتیراپیا، هەوڵی چارەسەری خەوشەکانی کاراکتەری مرۆڤ ، یان یاریدەدانی کەسێ بۆ چارەسەری کێشەکانی، لەرێی پێشنیازکردن بە خوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو لەلایەن ئەمینداری کتێبخانەوە ، یان مامۆستاوە، یاخود توێژەری سایکۆلۆژی ، یان هەرکەسێکی دی دوور لە ناوەندی پزیشکییەوە، دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیرێت، کە هونەری بیبلیۆتیراپیا لەسەر بنچینەی دیاریکردنی کلینیکی بونیادنەنراوە، بەڵکو لێهاتوویی و ئەزموونی ئەمینداری کتێبخانە ، یان پسپۆری کۆمەڵایەتی ودەروونی ئەوە بونیاد دەنێن، دیارە هونەری چارەسەر بەخوێندنەوە ، کەمتر ئاڵۆزە لە زانستی چارەسەر بەخوێندنەوە.

## پێداویستییەکانی چارەسەر بەخوێندنەوە وەك زانستێك

ئەو زانستە پێویستی بەمانە هەیە :

١ـ رەگەزی مرۆیی، بەم جۆرە: نەخۆش ـ ئەندام لەدەستەی پزیشکیی (پزیشك ـ پەرستاری نەخۆشخانە،ئەمینداری کتێبخانە) .

٢ـ شیکردنەوەی ورد بۆ حاڵەتی نەخۆش لەلایەن دەستەی پزیشکییەوە .

٣ـ دیاریکردنی خوێندنەوە بۆ نەخۆش لەلایەن دەستەی ناوبراوەوە .

٤ـ کۆمەڵێ لە کتێب و خولاوەی جۆراوجۆر لەگەڵ کەرەستەی کتێبخانەیی نوێ .

> **چارەسەری نەخۆشییە جەستەیی و دەرونییەکان بەخوێندنەوە دەچێتە خانەی زانستی بیبلیۆتیراپیا، هەوڵی چارەسەری خەوشەکانی کاراکتەری مرۆڤ دەدات ..**

٥ـ ئامادەکردنی راپۆرتی ورد کەلەلایەن ئەمینداری کتێبخانەوەو بۆ پزیشك سەبارەت بە رەوشی نەخۆشەکە بەرز بکرێتەوە ، کە بڕیاری خوێندنەوەی بۆ دابێ.

٦ـ بەستنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ئەمینداری کتێبخانەو نەخۆشدا ، تاوای لێبکات بڕوا بەئەمینداری کتێبخانە بهێنێت، بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی خوێندنەوە .

٧ـ ئامادە کردنی ڕاپۆرتێ لە لایەن ئەمینداری کتێبخانەوە سەبارەت بە نەخۆشەکە و گەیاندنی بە دەستەی پزیشکی بەشێوەیەکی بەردەوام .

## پێداویستییەکانی چارەسەر بە خوێندنەوە وەك هونەرێك

١ـ رەگەزی مرۆیی بەمجۆرە :

خوێندوەیەکی ئاسایی کە گرفتێکی دەروونیی یان جەستەیی هەبێت ـــ کەسێکی سۆزدار بەرامبەر نەخۆشەکە که زانیاریی تەواوی سەبارەت کارەکتەری ئەوکەسەو پەیوەندیی بەکتێبەوە هەبێت .

٢ـ ژمارەیەك کتێبی جۆراوجۆر کە بەشی یارمەتیدەران بۆ چارەسەری کێشەی نەخۆشەکەو زاڵ بوون بەسەریدا ئامادەی دەکەن .

٣ـ پەیوەندییەکی دروستو توندوتۆڵ لەنێوان



خوێنەرەکەو ئەمینداری کتێبخانەدا رێگا خۆشکەر دەبێ بۆ گوێگرتن لەرێنماییەکان بۆ خوێندنەوە.

## کورتەیەك سەبارەت مێژووی چارەسەر بەخوێندنەوە

کاتلین جونز لەساڵی١٩٠٤دا وەك یەکەمین ئەمینداری کتێبخانە دەرکەوتو رۆڵی پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی سەرکەوتووی ئەنجامدا، ئەویش ئەو کەسانەی کە بەنەخۆشی دەروونیی توش بوون و چارەسەرکردنیان بە خوێندنەوە بۆ دانرا لە نەخۆشخانەی (ماکلین) لە ویفرلی لەماساشوستس، ئەو یەکەم کەس بوو ئەو دەرگایەی کردەوە بەڕووی بیبلوتیراپیا کە لقێکە لە لقەکانی زانستی کتێبخانە.ئەم چارەسەرکردن بەخوێندنەوەیە تا شەڕی جیهانی یەکەم (١٩١٤ـ ١٩١٨) مایەوەو بەردەوام پەیڕەو ئەکرا لەلایەن کەسانی تایبەتمەند بەکتێبخانە و خەڵکانی تریش، لەوانە خاچی سوور و دامەزراوەی تر، یەکێتی کتێبخانەکان لە ئەمریکا کتێبخانەیەکی تایبەتیان دروستکرد لە کۆتایی جەنگدا، کتێبخانەی سەربازە ئیجبارییەکان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگی دا بەنەخۆشخانەی سەربازی، لەوانە کتێبخانەکان لەو کاتەوە بەرێوەبەرایەتی سەربازیی ئیجباری ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەچارەسەرکردن بەخوێندنەوە.

## ئاما نجەکانی بیبلیۆتیرا پیا

١– پێشکەشکردنی زانیاریی.

٢– هەلومەرج رەخساندن بۆ سەرنجدانی ورد .

٣– هەلومەرج رەخساندن بۆ مشتومڕکردن لەسەر ڕەچەتەی کێشەی نەخۆشەکە .

٤– گەیشتن بە بەهاو ئاڕاستەی نوێ .

٥– خولقاندنی هەست وسەرنجڕاکێشان بۆ کەسانی دی، کە دووچاری هەمان گرفت بووبن .

٦– دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ ئەوکێشانەی کە نە خۆش دووچاریان بووە .

٧– بەستنەوەی نەخۆشەکە بەواقیعو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکەی.

## میتۆدەکانی چارەسەر بەخوێندنەوە

دووجۆر لە میتۆد هەیە بۆچارەسەرکردن بەخوێندنەوە، ئەوانیش:

١– چارەسەری تاکەکەس کەتەنیا حاڵەتێك دەگرێتەوە .

٢– چارەسەری بەکۆمەڵ کە ژمارەیەك لەخەڵك دەگرێتەوە لەیەك کاتدا ، کەڕەوشیان یەکەو باری دەروونییان لەیەکەوە نزیکە.

## بەشەکانی ببلیۆ تیرا پیا

ببلیۆتیراپیای دامەزراوەیی:

شێوە : تاك یان کۆمەڵ.

جۆر : نەخۆشی جەستەیی یاخود دەروونیی ـــ زیندانی یان جۆری تایبەت .

گرێبەستوو(المتعاقد) : کۆمەڵ.

چارەسەرکەر : تیمی پزیشکیو پەرستیاریو کارمەندی تایبەتی کتێبخانە .

بابەتی بەکارهاتوو : ڕاستییە باوەکان .

میتۆد:گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکە .

شوێن : ئەو دامەزراوەی کەچارەسەرەکەی تێدا دەکرێت یان شوێنی تایبەت .

ئامانج : ڕێپیشاندان یان راگەیاندن.

### ببلیۆتیرا پیای کلینیکی

شێوە : بەکۆمەڵ ـ چالاك ـ خۆبەش یان بەزۆر

جۆر : ئەوکەسەی کە تووشبووە بەگرفتی سۆزداری یان هەڵسوکەوتی .

> **بەستنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ئەمینداری کتێبخانەو نەخۆشدا ، تاوای لێبکات بڕوا بەئەمینداری کتێبخانە بهێنێت، بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی خوێندنەوە**

گرێبەستوو : کۆمەڵگە یان تاك .

چارەسەرکەر : پزیشك یان تایبەتمەند لەبواری پزیشکی دەرونیی،یاخود ئەمینداری کتێبخانە، کە زۆربەی جار لە یەك تیمدا پێکەوە دەبن .

بابەتی بەکارهاتوو : ئەندێشەیی دوور بێت لە واقیع

میتۆد: گفتوگۆ لەمەڕ بابەتەکە لەگەڵ تێڕوانین لەکاردانەوەی نەخۆشەکە بەئاگابوون لێی.

شوێن : ئەودامەزراوەی کەچارەسەری تێدا دەکرێت،یان شوێنێکی تایبەت یاخود لەناوکۆمەڵدا .

ئامانج : رێنیشاندان یان گۆڕینی هەڵسوکەوت.

### ببلیۆتیرا پیای گشتی

شێوە : بەکۆمەڵ ـ چالاك ـ خۆبەخشانە.

جۆر : کەسێکی ئاسایی بەلآم لە تەنگ وچەڵمەدایە .

گرێبەستوو : تاك.

چارەسەرکەر : ئەمینداری کتێبخانە یان مامۆستا یان کەسایەتیەکی ئایینی ......خەڵکانی تر.

کەرەستەی بەکارهاتوو : ئەندێشەیی، یان ڕاستی .

میتۆد : گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکە لەگەڵ تێڕوانین لە کاردانەوەی نەخۆشە کەو بەئاگابوونی.

شوێن : لەناوکۆمەلگادا .

ئامانج : پێشکەوتنێکی سروشتیو بە ئامانج گەیاندن و ڕازیبوونی خود .

## جۆرەکانی بەرهەمی هزریی بەکارهاتوو لەچارەسەرکردن بەخوێندنەوەدا :

١ـ کتێبی ئاسمانی لەسەروو هەموویانەوە قورئانی پیرۆز، "قل هو للذين آمنوا هدى وشفاء والذين لايؤمنون في آذانهم وقر عليهم عمى".

٢ـ وتە پیرۆزەکانی پێغمبەر(د.خ) لەکتێبی (ابن قيم الجوزيه) دا هاتووە بەناوی (الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي).

٣ـ کورتە چیرۆکی تایبەت .

٤ـ چیرۆکی خەیاڵی زانستی.

٥ـ چیرۆکی ئاسان و خورافی لەگەڵ وتاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان .

٦ـ چیرۆکی ئاسایی.

٧ـ شیعر.

٨ ـ ژیاننامەی پێغمبەران.

٩ـ کتێبەکانی رێنمایی خود.

١٠ـ کتێبەکانی نەریت و ڕەوشت.

١١ـ کتێبە رۆحییەکان.

١٢ـ فلیم وهاوشێوەکانی.

**سەرچاوە:**

*** العلاج بالقراءة أو البليوتيرابيا : وهو الحلقة الثالثة من البليوجرافيا أو علم الكتاب / تأليف شعبان عبدالعزيز خليفة . ط١ . ٢٠٠٠ .**

# چەمکی بەرگی کتێب... وێنەو حەقیقەت

وەهبی ڕەسوول*

**کتێب ئەو ئامرازەی لەسەردەمی تابلۆ قوڕینەکانی شارستانیەتی میسۆپۆتامیاوە بە تێپەڕبون بە دەستنوسە پێستەییەکاندا تا گەیشتن بە کتێبخانەی دیجیتاڵیی ئەمڕۆ، لەتوانای گوتاری کارای خۆی نەکەوتووە، وێڕای مانەوەی خودی جەستەی کتێب بە ئاراستە نەریتیەکەیدا و ون نەکردن و ئامادەیی میللی بوونی لە بەشێکی باشی دنیای ئەمڕۆدا، سەرباری پێشکەوتن و پەرەسەندنەکان (تا ئاستی ترسناك) لەم سەردەمەدا، ئەوەی لە پڕۆسێسی خوێندنەوەی گشتی و کتێب بە تایبەتیدا ڕویداوە، هەڵوەشاندنەوە و نەمانی خودی پڕۆسێسی خوێندنەوە، وەك کتێب، نییە. هێندەی گۆڕانکاریەکە لە ستایلی ئاراستەکردنی مەعریفەی دوتوێی کتێب بە ئاراستەی وەرگر/خوێنەر.**

ئەوەی بەر زەبری شۆڕش و پەرەسەندنی خێرا و هاوکات ترسناکی تەکنۆلۆژیا دەکەوێت و کەوتووە کە ڕۆڵێکی سەنتراڵی دەگێڕێت، جەستەی ماددی کتێبە نەك خودی کتێب خۆی، هەرچەندە خواستی مرۆڤ بۆ هەستکردن و دەست لێدانی ماددیانە بەرامبەر بەو کاڵا و شمەکانەی بەکاری دێنێ (کە کتێب یەکێکە لەوان) تا ئێستا لە کارایی خۆی نەکەوتووە(*)، و بەڵام هاوکاتیش نەیتوانیوە ڕێگر بێت لەبەردەم تەنینەوە و تەشەنەکردنی ئەو ستایلە نوێیە لە ئاراستە کردنی مەعریفەدا، کە وای لێهاتووە تەنانەت تیشکە وێنەی مەعریفەی نوسراو جێ بێڵێ و بگاتە دەنگە وێنەی ئەو مەعریفەیە. (مەبەست لێرەدا ئەو سایتە ئەنتەرنێتانەیە کتێبیان بە سەمتی خوێندنەوەی دەنگ لە خۆگرتووە).

ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی هەژمونی خێزاوی پۆست مۆدێرنە کە لە پەلاماریدا هەرچیەکی بێتەڕێ دەیکاتە وێنە، بەڵام چ وێنەیەك، ئەو وێنەیەی هەڵگری خەسڵەتێکی سیمۆلاکریانەیە(**) کە لە دنیای ئەمڕۆماندا ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێ، چۆن ئێمە لە لادێیەکی گەردونیدا دەژین، کە وێنەی شتەکان کۆنترۆڵی کردووە نەك خودی شتەکان، جیهانی بەڵگە جیهانێکی دامەزراوە بۆخۆی بە پشتبەستن بە هێزی وێنە، کە (بودریارد)ی فەڕەنسی، وەهای دەبینێ"وەرگرتنی وێنە بە شێوەیەکی بەرەبەرەیی هەڵکشاو لە واقیعەوە ، لەدواجاردا بە پچڕانی هەموو پەیوەستیەك بە واقیعەوە کۆتایی دێت"(١) ئەم ئەنجامەش ئەبێتە هۆی ئەفراندنی کلتورێك کە بەهێدی سنوری نێوان واقیع و خەیاڵ وندەکات.

**ساتێ بەرگ وەك گوتارێکی ڕووکەشیی بە هەموو ئەو ڕەهەندانەوە کە ئەم ڕووکەشییە وەك یەکەیەك هەڵگریەتی نەتوانێت گەیەنەر بێت بۆ کرۆکی کتێب بە ئاراستەی جوڵاندنی وەرگر/ خوێنەر بەخوێندنەوەی یا کڕینی، ئەوا هاوکێشەی ئەو سیستمە پەیوەندیە دوالیزمەی نێوانیان شکست خواردوو دەبێت..**

چۆن هەناسەی زانیاری و شارەزایی لە بواری چاپ و دیزاینکردنی (دیزاینکردن چ وەك بەرگ و چ وەك ناوەخنی) کتێبدا بەو چەمکەی ئەمڕۆ هەمانە بۆی، کورت و خاوەن مێژوویەکی ئەوتۆ




نییە بەلایەك و بەرەنجامی کەوتنە بەردەستی ئەو توانا هونەریانەی ئەمڕۆ (بەتایبەت ڕەخسانی بوارێکی هەستیاری وەك ئەنتەرنێت و تازەیی بۆ ئێمە)، ئەمانە گشت زۆرجار بەرگ بە ئاقارێکی ڕازاندنەوەی زەق و وروژێنەردا دەبەن، کە هێندەی کار لە بەخشینی ڕویەکی بە کاڵا کراوی بازاڕیی کتێبدا دەکەن، هێند نابێتە گوتارێکی دروست لە گەیاندنی پەیامی ناوەرۆکدا. ئەمەش کتێب وەك هەبویەکی مەعریفی دەخاتە بەر شاڵاوی ئەو ڕوانگەیەی لە خزمەت بەکاڵاکردنی هەموو شتێك دایە و ئەو دەمە مەعریفەش دەکاتە بەشێك لەو پرۆسەیە کە(لیوتار) بە "بەکاڵاکردنی مەعریفە ناوزەدی دەکات"(٢). هەر بۆیە جار هەیە (کە کەم نین) ڕێکەوتی بەرگی کتێب دەکەین هێندەی لە بەرگی پڕوپاگەندەی فیلمی سیدیە (CD) کەوە نزیکە هێند خاوەن سیما و خەسڵەتەکانی بەرگی کتێبێ نییە.(***)، ئەمانە گشت سەرباری نائامادەیی گوتاری خۆجێی بۆ ئەو تواناو قەڵەمە مەعریفیە خۆجێیانەی دەنووسن، کە بەرگی ئەو کتێبانەی بەرەنجامی

ئەم بوارەن، گەر بکرێنە بەرگ بۆ هەر کتێبێ لە هەر کلتورێکی تر کاریگەری‌و جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت. لێرەدا خەسڵەت‌و سیماکانی ڕەسەنایەتی‌و نەتەوەیی بوون وەك مۆدێرنەو




خواستی خۆجێیی بوون وەك پۆست مۆدێرنە هەردووك لە یەك کاتدا لە بەین دەچێت. ئەمەش بەرەنجامی نەبوونی مامەڵەو شارەزایی لەتەك کلتوری وێنە بەگشتی کەوا دەکات بە هەر شەقڵ و ڕوخسارێکی نامۆو دەخیل بە زوویی سەرسامی دروست بێت، بەبێ بیرکردنەوە لە گەیاندن‌و ئیحتیواکردنی ڕەهەندەکانی گوتاری کتێبەکە وەك یەکەیەکی تایبەت و سەربەخۆ. یاخود نەبوونی پسپۆڕیی تایبەتمەندو کارایە بەم بوارە بەتایبەت، چ لای ئەوانەی ڕاستەوخۆ کاری تیا دەکەن یا ئەوانەی لێپرسراوێتی ئەم بوارەیان لە ئەستۆی خۆیان داناوە، بەبێ بوونی توانای پەیبردن و هەستکردن بە هەستیارییەکەی‌و قورساییەکەی.

بەرگ گۆڕاندنی مەعریفەیەکی نووسراویە بۆ مەعریفەیەکی وێنەکراوی، لەڕێی کەرەسەکانی وەك : فۆرم، ڕەنگ و هێما- نیشانە- ئاماژە، لە ڕێکخستنەوەیەکی تایبەتدا کە توانای بەدیهێنانی گونجاندنی ئەو توخمانەی لە کۆبنیادی ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی کۆمپۆزشندا هەبێت




لێرەدا ئەوەی جێ پێگەی باسەکەی ئێمەیە، کتێبە وەك جەستەو پەیوەندیی نێوان دوالیزمی (بەرگ/وێنە/ڕووکەش/دال) بە (ناوەرۆك/حەقیقەت/جەوهەر/مەدلول)ەوە، ساتێ بەرگ وەك گوتارێکی ڕووکەشیی (بە هەموو ئەو ڕەهەندانەوە کە ئەم ڕووکەشە وەك یەکەیەك هەڵگریەتی) نەتوانێت گەیەنەر بێت بۆ کرۆکی کتێب بە ئاراستەی جوڵاندنی وەرگر/خوێنەر بەخوێندنەوەی یا کڕینی، ئەوا هاوکێشەی ئەو سیستمە پەیوەندیە دوالیزمەی نێوانیان شکست خواردوو دەبێت، جا هۆکاری لاوازیەکە لە هەر کامێکیانەوە بێت.

بەلایەك‌و بەلایەکی تریش هەڵگر بێت بە بارگەگەلێکی وەهای تەعبیری کە کرۆك/حەقیقەت بەسانایی بگۆڕێتە سەر ڕووکەش/وێنەیەکی ڕاستگۆ بۆ گوتاری ئاراستەکراو.

گەر پابەندی بەم خاڵە گرنگانەوە بەدی نەهات، ئەو دەمە خوێنەر گەر بە ئاگا و وشیار بێت و خاوەن (گەر بە شێوەیەکی ڕێژەیش بێت) سەلیقەیەکی بینین بێت، هەست بە نامۆیی و

**بەرگ گۆڕاندنی مەعریفەیەکی نووسراویە بۆ مەعریفەیەکی وێنەکراوی، لەڕێی کەرەسەکانی وەك : فۆرم، ڕەنگ و هێما- نیشانە- ئاماژە، لە ڕێکخستنەوەیەکی تایبەتدا کە توانای بەدیهێنانی گونجاندنی ئەو توخمانەی لە کۆبنیادی ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی کۆمپۆزشندا هەبێت**

دووری جیهانی بەرگ دەکات، کە لە خوێندنی کتێب دەبێتەوەو بۆ جارێکی تر بە ڕوخساری بەرگەکەو بەراوردکردنی بەسیستمی پەیوەندییە هەمەکیە بونیادیەکانی نێو دەقی کتێب دەڕوانێتەوە. خۆ ئەگەر ئەم سەلیقەو بەراورد کاریەش ڕووینەداو نەبوو، ئەوا کێشەو ڕەهەندە لاوازو پڕ کەمتەرخەمیەکانی بەڕێتمی پەیڕەوکراوی خۆیان بەردەوام دەبن.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

(★) نموونەی نزیك و زیندوو بۆ بوونی ئەم حاڵەتە لە نێوەندی ڕۆشنبیری خۆماندا، بەرنامەی (باخی کتێب)ە، کەتیایدا خواستی چێژ و شانازی و گرنگی بوونی کتێب (مەبەست جەستەی ماددیانەی کتێبە) وەك سامانێکی کلتوری و دەلالەت لە بوونی ئاستێکی مەعریفی باڵای بە ڕاشکاوی پێوە دیارە.

(★★) سیمولاکروم: چەمکێکە خەریکە ببێتە زاراوەیەك، بە فەڕەنسی سیمولاکرا(simulacra)،وبەئینگلیزی سیمولاکروم (simulacrum)،لەبنەڕەتدا لە(simulacra)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە و بەمانای وێنەیەك لە شتێك دێت، لە فەلسەفەی نوێشدا ئاماژەیە بۆ واتای (ساختە یا قەڵب) و نوسخەی نەرێتی(سلبي) کرچوکاڵی شتێك. بڕوانە: الوهيبي،فاطمة:السيمولاكروم،مجلة الجزيرة،فضاءات.أنترنيت:

http//www·jazirah·com/culture/fadaat9/html

النقاش، فريدة: قضايا مابعد الحداثة في الادب والنقد، مجلة ادب ونقد ،١٩٩٤، ل٨.

Ashley Pandgen, postmodernism and Economics, http://www.arts.unsw.edu.au/hps/postmodern.html.

(★★★) ئەم حاڵەتە و هاوشانی ئەمە لە بە وێنە/ فیلم کردنی ئەو کتێبە ڕۆمانانەدا دەبینین کە بوارێکە بۆ هەژمونکردنی وێنە بەسەر بواری نوسین/ ئەدەبیدا، کە تیایدا هەست بەوە دەکەین هەندێ جار چەند وێنە خزمەتی خوێندنەوەمان دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا هێندەو بگرە زیاتر توانا ئەفرێنەرەکانی خوێنەر زەوت دەکات، هەر ئەم وەرچەرخانە سامناکە بوو لە خوێندنەوەی ئەدەبیەوە بۆ خوێندنەوەی وێنەیی، بووە هۆکاری پاشەکشێ پێ کردنی ئەدەب لە پۆست مۆدێرنەدا. ساتێکیش دەڵێین پاشەکشێ و مەرگی ئەدەب، ڕۆمان، شیعر وهتد.لە پۆست مۆدێرنەدا، واتە مەرگی ڕۆڵێ لە ڕۆڵە دیارەکانی کتێب.

* ماجستێر لەهونەردا

لەسەردەمی تەكنەلۆجيای زانيارييەكاندا ، كتێبخانەكان و بنكە زانيارييەكان ، تەنها كارەكانيان لە چوارچێوەی ئەوەدا نەماوە كەكاری هەڵگرتن و پۆلێن كردن و پاراستنی سەرچاوەكانی كتێبخانەو خواستن بگرێتە خۆ بەڵكو زۆر لەوە زياتر پێشكەوتووەو ئەمڕۆ كتێبخانەكان لە هەوڵی ئەوەدان كەڕێگە چارەی گونجاوتر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی كەسەرچاوەو زانيارييەكان زۆر بەئاسانی بگاتەوە بەردەستی خوێنەر، ئەو ڕێگە چارانەش بريتين لە دروستكردنی ڕێبەر، كورتكراوەكان، بيبيلۆگرافيا.

بۆ زياتر ئاشناكردنی خوێنەر بەوزانيارييانە، لەم بابەتەدا باس لە (ڕێبەر) دەكەين:

پێناسە، مێژوو، سەرهەڵدانی، جۆرەكانی، چۆنيەتی ئامادەكردنی و سوودوەرگرتن لێی.

# ڕێبەر.. الكشاف.. index

*شێرزاد سەعيد محەمەد**

### مێژووی بەكارهێنانی وشەی ڕێبەر

**وشەی ڕێبەر:** وشەيەكی لاتينييە كە بەواتای ڕێگە نيشاندەر بەكاردەهێنرێت، ياخود هێماو نيشانە بۆ ڕێگانيشاندانی شتێك، ئەم وشەيە لەسەدەی (١٦) **هاتۆتە** نێو زمانی ئينگليزيەوە، كە بەواتای ئەو شوێنەی كەسەرچاوەكەی لێيە لەكتێبخانە. بەڵام وشەی (كشاف) لەزمانی عەرەبيدا لەفەرهەنگی (لسان العرب)ی ابن المنظور، بەواتای دەرخستنی بابەتێك هاتووە، بەڵام بەكارهێنانی وشەی (ڕێبەر) لەزمانی كورديدا بەرامبەر وشەی (كشاف) لەزمانی عەرەبيدا، لەڕاستيدا تاوەكو ئێستا هيچ وشەيەكی وەهام لەسەرچاوەيەكی فەرهەنگيدا نەبينيوە كە ڕاستیو دروستی ئەو وشەيە بسەلمێنێت، بەڵام ئێمە ئەو وشەيە لە بواری كتێخانەكاندا بەكاردەهێنين.

### پێناسكردنی وشەی ڕێبەر

**ڕێبەر:** بريتييە لەكاری شيكردنەوەی ناوەڕۆكی بابەتێك ياخود چەند بابەتێك لەبوارێك ياخود چەند بوارێكی جياواز، بۆ ئەو سەرچاوانەی لە كتێبخانەيەك ياخود چەند كتێبخانەيەكدا هەيە، بەڵام ئەوكاری شيكردنەوەيە دەبێت بەزمانی تايبەتی بواری ڕێبەر دەربڕدرێت. كەئەويش بريتييە لە كۆمەڵێك ياساو هێما كەتايبەت بەم بوارە بەكاردێت.

**هەروەها دەتوانين بڵێين ڕێبەر** : بريتييە لە شێوازێك لە شێوازەكانی وەسف، كە لەڕێگەيەوە گونجاوترين زاراوە هەڵدەبژێرين بۆ پێشكەش كردنی ناوەڕۆكی بەڵگەنامەكان.

### مێژووی بەكارهێنانی ڕێبەر

مێژووی بەكارهێنانی ڕێبەر لەكاری كتێبخانەكاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ( ١٥ ) ئەويش دوای داهێنانی ئامێری چاپ.

لەسەرەتادا كاری دروستكردنی ڕێبەر تەنها بريتی بوو لە دروستكردنی ليستی ناوەڕۆك بۆ كتێبەكان، بەڵام كاری دروستكردنی ڕێبەر بەو مانا زانستيەی ئێستا، دروستكردنی ڕێبەر بۆ گۆڤارەكان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٨)، سەرەتا ڕێبەرەكان تەنها بە(ناوی نووسەری بابەتەكەو، ناونيشانەكە)ی ئامادەدەكرا، بەڵام لەسەدەی (١٩) بەدواوە (ڕێبەری بەبابەتی) سەرچاوەكان ئامادەكراوە. (هلسن وليەم ويلسون) بەدامەزرێنەری يەكەم بزووتنەوەی دروستكردنی ڕێبەر دادەنرێت لەسەردەمی نوێدا.

### ئەو هۆكارانەی كە كاريگەريان هەيە لەسەر دروستكردنی ڕێبەر

١- زۆر بوون لەڕێژەی ئەو بابەتانەی كەڕۆژانە لەگۆڤارو ڕۆژنامەكاندا بەزمانی جۆراو جۆرو لە بواری جۆراوو جۆرادا بڵاو دەبنەوە.

٢- بۆ شارەزابوون لەبەرهەمی بيرو بۆچوون كە لە وڵاتێكی دياريكراودا بڵاودەبێتەوە.

٣- ئاشنا بوون بەبەرهەمە زانستيە نوێيەكان.

٤- دووری شوێنی بەرهەمهێنانی زانيارييەكان لەيەكتر.

٥- جياوازی لە شێوازو جۆری ئەو زمانانەی كە بابەتەكانی پێ نووسراوە.

### جۆرەكانی ڕێبەر

ڕێبەر دەكرێن بە سێ جۆرەوە :_

١- ڕێبەری بيبيلۆگرافی: تەنها زانيارييە بيبيلۆگرافيەكان لەسەر بابەتەكان دەخاتە ڕوو.

٢- ڕێبەری شيكەرەوە: ئەو زانيارييانەی كەتايبەتن بەبابەتەكەو شيدەكاتەوە .

٣- ڕێبەری ڕوونكراوە: ڕوونكردنەوەيەكی زياتر لەسەر بابەتەكان دەدا بەدەستەوەو دەچێتە قوڵايی بابەتەكان، لە دوو جۆرەكەی تر فراوانترە.

### هەنگاوەكانی دروستكردنی ڕێبەر

كاری دروستكردنی ڕێبەر بەدووقۆناغی سەرەكيدا تێدەپەڕێت:

يەكەم: قۆناغی پلاندانان، ياخود لێ ورد بوونەوەو بيركردنەوە.

دووەم: قۆناغی كارو جێبەجێكردن.

لە هەنگاوی يەكەمدا وا پێويست دەكات كە شارەزايی تەواو پەيدا بكەين لەسەر پێويستيە بابەتيەكانی ئەو كۆمەڵگايەی كە ڕێبەرەكەی بۆ دروستدەكەين، دواتر ئاشنابوون بەو بەڵگەنامانەی كەمەبەستمانە ڕێبەرەكەی بۆ دروستبكەين.

لە هەنگاوی دووەمدا، كە بەهەنگاوی دروستكردنی ڕاستەوخۆی ڕێبەرەكە ناسراوە، ئەمەش كە پێنج قۆناغ لە خۆدەگرێت، بەكورتی باسی ئەو قۆناغانە دەكەين :

١- ئاشنابوون بەخودی ئەو سەرچاوانەی كە مەبەستمانە ڕێبەرەكەی بۆ دروستبكەين.

٢- دەستنيشانكردنی ئەو بابەتە سەرەكيانەی كەمەبەستمانە بۆ ڕێبەرەكەو جێگەی گرنگيی خوێنەران‌و لێكۆڵەرەوانە.

٣- ئاشنابوون بەو ناوەڕۆكانەی دەقەكان كە دەمانەوێت وەسفی بكەين بۆ خوێنەر و وشەی گونجاو بدۆزينەوە بۆ وەسفەكان.

٤- دڵنيابوون لەبوونی پەيوەندی لەنێوان ئەو وشانەی كە هەڵبژێردراون بۆ بابەتی بەڵگەنامەكە.

٥- وەرگێڕانی وشەكان لەشێوازی سرووشتيانەوە لەناو دەقەكان بۆ شێوازو زمانی ڕێبەر.

٦- دڵنيابوون لەبوونی پەيوەنديی بابەتەكان بەيەكەوە.

٧- داڕشتنەوە بەشێوازێك كەلەگەڵ ياساكانی ڕێبەردا بگونجێت.

### هەڵسەنگاندنی كرداری دروستكردنی ڕێبەر

چەند پێوەرێك هەيە كە بەكاردەهێنرێت لەكاری هەڵسەنگاندنی دروستكردنی ڕێبەردا لەوانە:

١- گشتگيری: ژمارەی ئەو بابەت‌و بيرۆكانەی كە لەناوبەڵگەنامەكان باسی لێوەكراوەو بەشێوەيەكی گشتگير لەڕێبەرەكەدا ئاماژەی پێدراوە.

٢- وردبينی: وردبينی لەبەكارهێنانی وەسفێكی گونجاوو بەكارهێنانی وشەی باوو دووركەوتنەوە لە وشەی شاز.

٣- هەڵبژاردەيی: واتە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانە كە جێگەی گرنگيی خوێنەر بێت.

٤- قووڵبوونەوە: مەبەستمان لە شۆڕبوونەوەيە بۆ قووڵايی ئەو بەش و بابەتانەی كە بەڵگەنامەكان دەيانگرێتە خۆ.

٥- شێواز: پێويستە لەسەر ئەو كەسەی كەهەڵدەستێت بەئامادەكردنی ڕێبەرەكە هەمان شێواز بەكاربهێنێت لەكاری وەسفكردنی بەڵگەنامەيەك‌و بەڵگەنامەيەكی تردا، وەك ڕێكخستن‌و خوێندنەوە بەكارهێنانی هێماو زانياری بيبيلۆگرافی.

*** مامۆستای بەشی زانيارييەكان‌و كتێبخانە لەپەيمانگای تەكنيكی سلێمانی**

# ئيندێكسی سێ ژمارەی بەشی كورديی

# گۆڤاری (كتێبخانەی زانكۆ) ١٩٧٧ - ١٩٧٨

**د.شوان سليمان يابە***

زانستی كتێبخانە لە هەموو جيهاندا گرنگيەكی تايبەتی پێدەدرێت، بۆ زياتر ناساندن و ئاشناكردنی ئەم زانستە بە خەڵك، بە سەدان بڵاوكراوە گۆڤارو ڕۆژنامە و كتێب چاپ و بڵاودەكرێنەوە, بەڵام لە لای خۆمان ئەو گرنگيەی پێنەدراوە كە لە ولاتانی تر گرنگی پێدەدرێت.

گۆڤاری (دژنبشت) تاكە گۆڤارێكی سەربەخۆی تايبەت بوو بەكتێب و كتێبخانە لە لايەن وەزارەتی ڕۆشنبيری- سلێمانی دەردەچوو، هەمووی بەسەريەكەوە (٤) ژمارەی لێدەرچوو، ئيتر وەستا.

ئەوەی من لێرە دەمەوێ بيڵێم ئەوەيە كە لەگۆڤاری ناوبرادا هاتووە كە ئەمە يەكەم گۆڤارە بە زمانی كوردی لەبارەی كتێب و كتێبخانە بڵاوبكرێتەوە، ڕاستە وەك گۆڤاری سەربەخۆ، ئەگينا گۆڤاری (مكتبە زانكو- كتێبخانەی زانكۆ ) كە دوو ژمارەی لەلايەن ئەمنداريێتی گشتی كتێبخانەی ناوەندی زانكۆی سلێمانی و ژمارە(٣)ش بۆتە پاشكۆی ئاسۆی زانكۆيی، بە سێ زمانی كوردی و عەرەبی و ئينگليزی بڵاوكراوەتەوە.

بۆيە لێرەدا بە پێويستی دەزانم ئيندێكسێك بۆ بەشە كوردييەكەی ناوەڕۆكی هەرسێ ژمارەی گۆڤاری (مكتبة زانكو- كتێبخانەی زانكۆ) پێشكەش بكەم، هيوادارم سوودمەند بێت.

### گۆڤاری (مكتبة زانكو- كتێبخانەی زانكۆ)

– ژ(١)ی لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاوكراوەتەوە (٧٥) لاپەرە، بە ڕۆنيۆ چاپكراوە.

– ژ(٢) ی لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاوكراوەتەوە (٧٨)لاپەڕە، بە ڕۆنيۆ چاپكراوە.

– ژ(٣)ی ساڵی لەسەر نييە، بەڵام بەپێی دەنگوباسەكانی ناوەوە ساڵی بڵاوكردنەوەی دەكاتە١٩٧٨. (٧٥) لاپەڕەيەو لە چاپخانەی بەڕێوەبەرايەتی خانەی كتێب بۆ چاپ و بڵاوكردنەوەی زانكۆی سلێمانی چاپكراوە.

### بابەت

#### ئەدەب

–غەزەلێكی حافزی شيرازی، د. ئيحسان فوئاد، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٧١.

– غەزەلێك لە نێوان نالی و كوردی دا ، سەروەت محەمەد ئەمين، ژ(٣)ی ١٩٧٨،ی ل٧٢-٧٣.

–زمانی شيعر، سەباح پێشڕەو، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦٧-٧٠.

#### ئەدەب وزانست

– لە نێوان ئەدەب و زانستدا، دڵشاد عەلی، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦٣-٦٦.

#### جوانناسی

– سەرەتايەكی كورت لە باسی جوانی ، سەباح غاليب، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٧٤-٧٦.

#### خوێندنەوە

– سايكۆلۆژيای خوێندنەوە، حەمدی ئيبراهيم، و/ لە عەرەبييەوە سەروەت محەمەد ئەمين، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٥٦-٦٠.

#### سوناتای شكسبير

– لە كتێبخانەی ئەدەبيدا، و/ لە ئينگليزييەوە د. ئيحسان فوئاد، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦١-٦٢.

#### ڕێبازی لێكۆڵينەوە

– بايەخی سەرچاوەی دەستنووس لە لێكۆڵينەوەی ئەدەبيدا، د.ئيحسان فوئاد، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٥٢-٥٥.

#### زمانی كوردی

– پيتی پەيوەندی – حرف عطف لە كتێبخانەی زمانەوانيدا، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٧٤-٧٥.

#### كتێبخانە- ڕێكخستنی كتێب

– چۆنيەتی ڕێكخستنی پەرتووكەكان لە كتێبخانەی زانكۆكاندا، عومەر عوبێد عەبدولقادر ، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٦٧-٧٠.

#### مێژووی ڕێكخستنی دەيی

– بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەدساڵ بەسەر مێژووی ڕێكخستنی دەييدا، نازدار ئەكرەم ئەدهەم، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٥١-٥٥.

#### هونەر- گۆرانی فۆلكلۆری كوردی

– گۆرانی فۆلكلۆری چييە، ئەنوەر قەرەداغی ، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٧١-٧٣.

#### وتار

– وتەی ژمارە، د. محەمەد فازڵ محەمەد قەفتان، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٦٥-٦٦.

### نووسەران

#### ئەنوەر قەرەداغی

– گۆرانی فۆلكلۆری چييە، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٧١-٧٣.

#### ئيحسان فوئاد (د)

– بايەخی سەرچاوەی دەستنووس لە لێكۆڵينەوەی ئەدەبيدا، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٥٢-٥٥.

– غەزەلێكی حافزی شيرازی ، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٧١.

– لە كتێبخانەی ئەدەبيدا، (و/ لە ئينگليزييەوە)، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦١-٦٢.

#### دڵشاد عەلی

– لە نێوان ئەدەب و زانستدا، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦٣-٦٦.

#### سەباح پێشڕەو

– زمانی شيعر، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦٧-٧٠.

#### سەباح غاليب

– سەرەتايەكی كورت لە باسی جوانی ، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٧٤-٧٦.

#### سەروەت محەمەد ئەمين (د)

– سايكۆلۆژيای خوێندنەوە، حەمدی ئيبراهيم، (و/ لە عەرەبييەوە) ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٥٦-٦٠.

– غەزەلێك لە نێوان نالی و كوردی دا ، ژ(٣)ی ١٩٧٨،ی ل٧٢-٧٣.

#### محەمەد فازل محەمەد قەفتان(د)

– وتەی ژمارە، ، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٦٥-٦٦.

#### عومەر عوبێد عەبدولقادر

– چۆنيەتی ڕێكخستنی پەرتووكەكان لە كتێبخانەی زانكۆكاندا، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٦٧-٧٠.

#### نازدار ئەكرەم ئەدهەم

– بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەدساڵ بەسەر مێژووی ڕێكخستنی دەييدا، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٥١-٥٥.

### ناونيشان

– بايەخی سەرچاوەی دەستنووس لە لێكۆڵينەوەی ئەدەبيدا، د.ئيحسان فوئاد، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٥٢-٥٥.

– بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەدساڵ بەسەر مێژووی ڕێكخستنی دەييدا، نازدار ئەكرەم ئەدهەم، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٥١-٥٥.

– پيتی پەيوەندی – حرف عطف لە كتێبخانەی زمانەوانيدا، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٧٤-٧٥.

– چۆنيەتی ڕێكخستنی پەرتووكەكان لە كتێبخانەی زانكۆكاندا، عومەر عوبێد عەبدولقادر ، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٦٧-٧٠.

– زمانی شيعر، سەباح پێشڕەو، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦٧-٧٠.

– سايكۆلۆژيای خوێندنەوە، حەمدی ئيبراهيم، و/ لە عەرەبييەوە سەروەت محەمەد ئەمين، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٥٦-٦٠.

– سەرەتايەكی كورت لە باسی جوانی ، سەباح غاليب، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٧٤-٧٦.

– گۆرانی فۆلكلۆری چييە، ئەنوەر قەرەداغی ، ژ(١)ی نيسانی ١٩٧٧، ل٧١-٧٣.

– غەزەلێك لە نێوان نالی و كوردی دا ، سەروەت محەمەد ئەمين، ژ(٣)ی ١٩٧٨،ی ل٧٢-٧٣.

– غەزەلێكی حافزی شيرازی، د. ئيحسان فوئاد، ژ(٣)ی ی١٩٧٨، ل٧١.

– لە كتێبخانەی ئەدەبيدا، و/ لە ئينگليزييەوە د. ئيحسان فوئاد، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦١-٦٢.

– لە نێوان ئەدەب و زانستدا، دڵشاد عەلی، ژ(٢)ی ١٩٧٧، ل٦٣-٦٦.

– وتەی ژمارە، د. محەمەد فازل محەمەد قەفتان، ژ(٣)ی ١٩٧٨، ل٦٥-٦٦.

***مامۆستای كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددين**

# یەکەمین کتێب

**د. فەرهاد پیربالْ**

**کتێبی (یوسف و زلێخا) چاپی ١٩٥٧ لەسەر نەفەقەی محەمەد ئەمین عەصری: یەکێك بوو لە یەکەمین ئەو کتێبانەی لەژیانمدا خوێندوومەتەوە. وابزانم ساڵی ٧٤–١٩٧٥ بوو، ئەو کاتە تەمەنم دەوروبەری (١٣–١٤) ساڵێك دەبوو.**




من دایکم نەخوێندەوار بوو، بەڵام باوکم قەصاب، دەیتوانی بەخەتی خۆی بنووسێ (بەبیرمە ناوی ئەو کەسانەی کە گۆشتیان لەلای بە قەرد دەبرد، لەناو دەفتەرێك، بە قەڵەمی خۆی ناوی دەنووسین، پارەکەیشی بەرامبەر ناویان دەنووسی. لەسەرەوەشدا بەروارەکە و لەولاتریش بە گەورەیی نووسیبووی: قەرد و فەرد).

بەڵام باوکم، خوێندنەوەی، زۆر خراپ بوو. جارێکیان بەرگی کتێبێکی قوتابخانەیی خۆمم پیشانی دا بەناونیشانی (پەروەردەی ئایینی)، لێم پرسی:

– پیربالْ ئەمە چی نووسراوە؟

زۆر لەناونیشانەکە وردبووەوە، کەچی گوتی:"نووسراوە (پیرداود یاسین)".

جارێکی دیکە کتێبێکی دیکەی قوتابخانەکەم بەناونیشانی (مێژووی نویْ) پیشانی دا: "ئەدی ئەمە چی نووسراوە؟"

دیسان زۆر لە ناونیشانەکە وردبووەوە، گوتی:

– نووسراوە: (مشیر نوری).

بەم شێوەیە، لای ئەو، واپێدەچوو، ناونیشانی هەر کتێبێك، هەر نووسینێك، پەیوەندی هەبووبێت بە (ناو)، ناوی کەسێك.

من ئێستا کەبیر لەمە دەکەمەوە، بیرم بۆ ئەوە دەچیْ کە ئەو بۆ خۆی سەبارەت بەوەی نووسینی تەنیا بۆ حیساباتی قەرزارەکانی خۆی بەکاردەهێنا، واتە لەبەرئەوەی نووسینی تەنیا بۆ حیساباتی ئەو کەسانە بەکاردەهێنا کە گۆشتیان لەلای بە قەرز دەبرد و ناوی دەنووسین: بۆیە (لەناهوشیاریی خۆی و لەناو مێشکی خۆیدا) هەموو نووسینێك بریتی بووە تەنیا لەناو، ناوی کەسێك "ناوی قەرزارەکانی خۆی".

کەواتە، وابزانم خەڵکی نەخوێندەوارو نیمچە خوێندەوار ناتوانیْ بزانیْ کە نووسین مەرج نییە تەنیا بریتی بێت لەناوی خەڵك و ناوی شار و ناوی شت: بەڵکو نووسین لەهەمان کاتدا دەتوانیْ پێشبینی و بیرۆکە و چەمك و ئەبستراکت و واتاکانیش بەیان بکات.

صەباحی کاکم، لەناو ژوورە گەورەکەی ئەم ماڵە نەخوێندەوار و نیمچە خوێندەوارەی ئێمەدا، سیْ ڕیز دەلاقەی پڕاوپڕ کردبوو لە کتێب. کار گەیشتە ئەوەی ئەو دایکە نەخوێندەوارەم، بە نەخوێندەواریی خۆی نەجارێکی هێنایە ماڵەوەو داوای لێکرد: "کاکە ئەم سیْ دەلاقەیەمان بۆ بکە بە جامخانە بۆ ئەم کتێبانە!"

تکام لەدایکان و باوکان و برا گەورەکانی ماڵە کوردەکان ئەمەیە:

– دایك و باوك، یان خوشك و برای گەورە، ئەگەر نەخوێندەواریش بن، یان ئەگەر بۆ خۆشیان هیچ هیچ حەزیشیان لە کتێب و خوێندنەوە نەبێت: زۆر زۆر زۆر پێویستە هیچ نەبیْ پەنجا کتێبێکی هەمەڕەنگ و بیست گۆڤارێکی جۆراوجۆر لەناو ماڵەکەیاندا لەشوێنێك لەبەر دەستی منداڵ و بچووکەکانیان دابنێن! بۆچی؟

چونکە ڕۆژێك لەڕۆژان، بەشێوەیەکی ئاسایی، خۆکردارانە، منداڵێك یان کەسێکی بچووك لەناو ئەو ماڵەدا هەردیْ.. دەست دەداتە کتێبەکان و.. یەکێك لەو کتێبانەی بە دڵ دەبێت و.. سەرنجی ڕادەکێشیْ بۆ ئەوەی بکەوێتە سەرخوێندنەوەی و.. لەکۆتاییشدا وای لیْ دێت ببێتە هۆگری خوێندنەوە و بیرکردنەوە و نووسین یان داهێنانێك!

کەواتە، من لە سایەی صەباحی کاکم بووم کە بووم بە خوێنەری کتێب و پاشان نووسەر!

بەڵیْ، من ئەوها تووشی خوێندنەوە بووم: کتێبم، سروشتییانە، وەك گندۆرە و پشیلە و جەمەدانییەکەی باوکم و وەك ڕادیۆکەمان و وەك تاکە پێڵاوێك لەناو ماڵەکەماندا بەرچاوکەوت..

ئیتر چونکە خوێندن و وگۆڤار و ڕۆژنامە و خوێندنەوەی کتێب بە هیچ شێوەیەك نەببووە واجیبێك و ڕمووزنێك و ئەمرێك و فەلسەفە لێدانێك لەلایەن هیچ کەسێکەوە، بۆیە سروشتییانە چووم دەستمدایە یەکێکیان و کەوتمە سەر خوێندنەوەی.

صەباحی کاکم ئەگەر دەستمان لە کتێبەکانی بدایە، زۆر تووڕە دەبوو، تەنانەت هەندیْ جار لێشی دەداین. بۆیە من بەدزییەوە–کە ئەو لەویْ نەدەبوو–دەچووم هەر جارەی کتێبێکم دەردەهێنا و"تەماشام دەکرد". حەکایەتی (یوسف و زلێخا) سەرنجی ڕاکێشام. هەستام بەدزییەوە کتێبەکەم بردە ژوورەکەی خۆم. دایکم گوتی:"کوڕم، کتێبی کاکتە.. تووڕەدەبیْ!". گوتم:"پیْی مەڵیْ. بەڵێن بیْ دایدەنێمەوە".

ئەم کتێبە، ئێستا بۆ من هیچ نییە جگە لە چیرۆکێکی دینی و ڕۆمانێك، بەڵام ڕێگایەك بوو بۆ من، بۆ ئەوەی کەڵکەڵەی خوێندنەوە و کتێب خوێندنەوە بکەوێتە سەرم و بچم لەناو دەلاقەکەی کاکمدا بەدوای کتێبی دیکەدا بگەڕێم.

ئەم کتێبە سەرەتایەك بوو بۆ ئەوەی ڕابێمو فێرببم کە بتوانم بزانم: ئینسان بە دیار کتێبەوە باشتر دەتوانیْ چێژ و سوود لە ساتەکانی تەنیایی خۆی وەربگرێت.

(یوسف و زلێخا) ڕێچکەیەك بوو، بردمیەوە سەر ڕێگاکانی تر.. ژیانی ساکاری ئەوسای گۆڕیم بۆ توانینی دالْغەلێدان و ڕامان و بیرکردنەوەیەکی سادە: بەڵام خۆ لە ڕۆتین و دارلاستیك و گەمەی پێخاوسی سەر زبڵخانەکان ڕزگاری کردم و گەیاندمیە ئەمڕۆ..




# داب و نەریتی کوردەکان

**بوار نورەدین**

**کتێبی (دابونەریتی کوردەکان) لە نووسینی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) و وەرگێڕانی لە زمانی ڕووسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی: د. شوکریە رەسوولْ، ژمارە ٧٥ی بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییە و لە چاپخانەی (العداله) لە بەغدا چاپکراوە، ژمارەی سپاردنی (١٥٣٠)ی ساڵی (١٩٨٢)ی وەرگرتووە، ژمارەی لاپەڕەکانی (٩٨)ی قەبارە (١٧ بە ٢٣) سم، نرخیشی (٤٠٠) فلس بووە.**

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەم شێوەیەیە: "پێشەکی" لە نووسینی د. شوکرییە، پێشەکییەکەی ڕۆدینکۆ، هەروەها لە ناوەرۆکی کتێبەکەدا، چەند هێلێکی گشتی لەسەر دابونەریتی کورد لەخۆگرتووە، وەك: نووشتە، نەخۆشی، ژنهێنان، پەیوەندی کوردە کۆچەرەکان لەگەڵ ئەرمەنییەکان و جووتیارە لادێییەکان، کاری جەنگی، دوژمنایەتی تیرەیی، بەختگرتنەوە، میوانداری، یەزیدییەکان، ئافرەت.

لە پێشەکییەکەی د. شوکریە ڕەسوڵدا هاتووە: ((ئەگەر بە دوای کۆکردنەوە و بووژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیماندا وێڵ نەبین و شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانمان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەندەران ئاشنا نەکەین، نرخی کەلەپوورمان بۆ خەڵکی ڕوون نەکەینەوە و بە چاوێکی پڕ لە ڕێز و هێژاییەوە نەڕوانینە کولتورمان، بێگومان ڕۆژگار و دەستی ڕۆژگاری بێبار، بێناز و قەدریان ئەکات و ئەکەوێتە گۆشەی فەرامۆشکردن. ئەم پەخشانەی لەبەر دەستانایە یەکێك لەو کەلەپوورە بەهایانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی و بارەکانی دیکەی کوردەواریمان بەتایبەتی دابونەریت و شێوەی ژیان و بیروباوەڕی هۆز و تیرە و خێڵە کوردەکان (نیشتەجیْ و کۆچەر) بۆ دەنەخشێنیْ، لە ئەتنۆگرافیای ئەو کوردانە ئەدویْ کە لە کوردستانی تورکیا نیشتەجێبوون)).

مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکێك لەو زانا ئایینی و زماننناسانە بووە کە لە سەدەی نۆزدەدا ناوبانگیی پەیداکردووە و لە ئەدەب و زمان و نووسینی دەستنووسدا، دەستێکی باڵای هەبووە. ئەم پەخشانەش یەکێك لەو دەستنووسە بە کەڵکانەیە کە قونسڵی ڕووس "ئەلکساندەر ژابا" لە ئەرزەڕۆم لە مەلا مەحموودی بایەزیدی وەرگرتووە و لەگەڵ خۆیدا بۆ ڕووسیای بردووە و لە نامەخانەی (سالیکۆڤ شیدرین) پاراستوویەتی، لەهەمانکاتدا بۆ سەر زمانی فەرەنسیشی وەرگێڕاوە. دواتر خاتوو "ڕۆدینکۆ" لە ساڵی (١٩٦٣) بە زمانی ڕووسی دوو تێکستە کوردییەکانی بە چاپ گەیاندووە. ڕۆدینکۆش لە پێشەکییەکەیدا دەڵیْ: ((مەلا مەحموودی بایەزیدی لە ساڵی (١٧٩٧)دا لە دایکبووە، زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی چاك زانیوە و بەرهەمی پێنووسیوە، لەسەردەمی خۆیدا بە یەکێك لە هەرە شارەزاکانی ئەو سەردەمە ناسراوە. ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری مەدرەسەی دینی بووە، خاوەنی کۆمەڵێك کاری ئەدەبی و وەرگێڕان و کۆکردنەوەی فۆلکلۆرە)). هەروەها خاتوو ڕۆدینکۆ دەربارەی مەلا مەحموود دەڵیْ: ((قونسوڵی ڕووس لە ئەرزەڕۆم "ئەلیکساندەر ژابا" بە ناسینی مەلا مەحموود زۆر بەختیار بووە و وەك یاریدەدەرێکی دڵسۆز و باوەڕپێکراو لە کاروباری دەستنووسیدا، یارمەتی ژابای داوە)).

مەلا مەحموود بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار، قەڵەمی لە زۆر بواری کۆمەڵایەتی و ژیاریی و ئابووریی و ئایینیدا تاوداوە و توانییەتی کۆمەڵێك لەو ڕاستیانەمان بۆ بگێڕێتەوە کە لە ناو خەڵکدا بوونیان هەبووە. بێگومان بابەتەکان هیچیان ناونیشانیان نییە و بەتێکەڵاوی و بەشێوەی گێڕانەوە قسەی لەسەر چەمکەکان کردووە، چونکە ئەو کاتە شێوازی نووسین جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئێستادا هەبووە. یەکێك لەو بابەتە بایەخدارانەی تیشکی خستووەتەسەر دابی "ڕەدووکەوتن" بووە، لەگەڵ تیشك خستنە سەر کۆمەڵێك بواری دیکەی کۆمەڵایەتی کورد لە باکووری کوردستاندا. لەم کتێبەدا، نووسین لەسەر ڕەدووکەوتن، کۆنترین ئاماژەپێکردنە، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە بە کورتی باسیکردووە، بەڵام تیشکی خستووەتە سەر کۆمەڵێك خاڵی گرنگ*. هەروەها لە لاپەڕە (٣٦)دا دەربارەی زانست و زانیاری یان پشت بەستن بە ئەزموون و شارەزایی خەڵك لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتواندا هاتووە: ((کوردەکان لە شەودا گویْ لە زەوی ئەگرن و نزیك زەوییەکەی ئەخەنەوە و ئەزانن ئەگەر لە دوورەوە سوارێك بیْ، ئەوە بە دەنگی زەوییەکەدا ئەیزانن و بەو ڕێچگەیەدا ئەڕۆن کە دەنگی سوارەکەی لێوە دیْ و بە یەکتری ئەگەن. بەجۆرە شتانە کوردەکان لە زۆر ڕووداوی داهاتوو ئەگەن و بیریان بۆ ئەچیْ، بۆ نموونە ئەگەر بزنێك کلکی ڕاوەشێنیْ، ئەوە ئەزانن کە ئەو ڕۆژە باران نابارێت، ئەگەر بزنەکە کلکی بۆ ژێرەوە ڕاوەشێنیْ، ئەوە ئەو ڕۆژە بارانێکی زۆر ئەباریْ)).

لە لاپەڕە (٤٤)دا باس لە (کریڤایەتی) دەکات، کە دابونەریتێکی زۆر کۆنە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، بەتایبەتی لە باکوور و لەناو ئەو کوردانەی کە بە دیالێکتی "کرمانجی ژووروو" قسە دەکەن، ئەم دابە پێڕەو دەکرێت و تا ئێستاش " تارادەیەك" لەناویاندا باوە، لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریشدا ڕەنگدانەوەیەکی فرە و تراژیدی هەیە.

لە بابەتێکی دیکەشدا هەر دوابەدوای ئەوە و لە پەیوەندی نێوان کوردە موسڵمانەکان و فەلەکاندا، دەڵیْ: ((کوردەکان کاتێك ڕێیان کەوتە دێیەکی فەلە، ئیتر بیْ جیاوازی یەك ماڵ ئەبن. کوڕ و منداڵی کوردەکان لەگەڵ فەلەکاندا هەموویان لەیەك خانوودا نان و خواردن پێکەوە ئەخۆن. زۆربەی کوردەکان نان و خواردنی فەلەکان ئەخۆن، کاتیْ کە فەلەکان نان درووستئەکەن، کولێرە ئەدەن بە منداڵە کوردەکان و و بێبەرییان ناکەن)).

ئەمانە و کۆمەڵێك بابەتی دیکە، لە زۆر ڕووەوە جێگەی بایەخ و خوێندنەوەن، چونکە لەلایەك نووسینێکی چیرۆك ئامێزە "چونکە کتێبەکەی بە شێوازی گێڕانەوە نووسیوە"، لەلایەکی دیکەشەوە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار لەسەر ئەو باسوخواس و زانیارییانە دەداتەوە کە بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری کوردستانەوە، نەتوانراوە ئەرشیڤ بکرێن و بۆ کار و توێژینەوەکانی ئەمڕۆ، بەتایبەت لەسەر "بوارە کۆمەڵایەتییەکان" وەك سەرچاوەیەکی بایەخدار تەماشادەکرێت. پێویستە ئەوەش بڵێین کە خۆزگە مەلا مەحموودی بایەزیدی زۆرتری دەنووسی "واتە: کتێبەکە گەورەتر و فراوانتر دەبوو" و یەکێك لە دەزگاکانیش دووبارە ئەم کتێبەیان چاپ دەکردەوە، چونکە بێگومانم لەوەی کە جگەلەوەی زۆر کەم خوێندراوەتەوە، ئەوانەش کەمن کە ئەم سەرچاوەیەیان دیوە.

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی دووەم لە کتێبی (ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا، چاپی دووەم، ٢٠٠٧، هەولێر، چ (ئاراس).

# ASOY KTEBKHANA

ئاسۆی کتێبخانە به پیرۆزبایتان رووناکتربوو

Sulaymania Public Central Library

NO. 2 – 13/11/2009


دوای دەرچوونی یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەکەمان، وێڕای پیرۆزبایی ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوو روناکبیران‌و کارمەندانی کتێبخانەکانی کوردستان، بە ژمارەیەك ئیمەیل، هەست‌و سۆزی چەند لایەن‌و دڵسۆزێك گەیشتە دەستمان، ئەوانیش:

– کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم
– یەکێتی نووسەرانی کورد لە هۆڵەندە
– بەشی رۆژنامەنووسیی لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی
– کاك کامەران رەحیمی لە ئیلامی خۆرهەڵاتی کوردستان
– کاك ئاراس نوری لە تاران
– کاك سیروان رەحیم لە (کیوڵن)ی ئەڵمانیا
– کاك محەمەد مەرگەیی لە بەڕێوبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر

ئێمە وێڕای سوپاسی گەرممان بۆ ئەو لایەن‌و بەڕێزانە، بەهیواین بەرهەمی بەپێزیان بڵاوکراوەکەیان دەوڵەمەندتر بکات.

## ئاراس..

## دەزگایەك لەخزمەتی کتێبخانەی کوردیدا



**تابان**

بەدرێژایی سالانی رابردوو، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە، چاپکراوە بەنرخەکانی گەیاندۆتە هەر روناکبیرێکی کورد لەهەر کوێیەکی کوردستانی گەورەدابێ.

ئاراس، بەپێی پلان‌و بەرنامەی زانستیی خۆی بەردەوام کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند دەکات.

ئەوەتا هەر لەمساڵدا (٥٢) کتێبی کوردی‌و (٣) کتێبی عەرەبی پێشکەش بەخوێنەرانی کردووە.

بابەتی کتێبەکانی ئەمساڵی ئاراس بریتیین لە (رۆمان، چیرۆك، شیعر، هزر، مێژوو، زانست، ئەدەب، رۆژنامەوانی، جوگرافی، بیرەوەری، فەرهەنگ، رۆشنبیری، راگەیاندن) لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لەچاپکراوی مندالان.

## ئۆباما..

## پاڵێوراو بۆ خەڵاتی کتێبی بەریتانی



**شانۆ**

ناوی باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا، لەپێشەوەی پاڵێوراوانە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکانی پێشبڕکێی کتێبی بەریتانی لەم ساڵدا لەهەردوو بواری(دانراوی گشتی‌و ژیننامەدا).

کتێبەکانی ئۆباما(هیوا) کە دەچێتە خانەی بانگەشەی هەڵبژاردنی سیاسییەوە، لەگەڵ(خەونەکانی باوکم) کەبریتییە لە ژیننامە، پڕفرۆشترین کتێب بوون لەساڵی رابردوودا کە تیایدا ئەستێرەی (ئۆباما) وەك پاڵێوراوی سەرۆکایەتی ئەمریکا روو لە هەڵکشان بوو، ئەنجامیش بووە یەکەم سەرۆکی رەشپێستی وڵاتە یەکگرتووەکان.

ئاشکرا کردنی خەڵاتەکان لەئاهەنگێکدا دەبێ لەلەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە مانگی ئەپریلی داهاتوودا.

جێی سەرنجە، بەرهەمی ژمارەیەك لەنووسەرە ناسراوەکان کێبڕکێی کتێبەکانی ئۆباما دەکەن لەم ململانێ سەختەدا.

www.deerah.com

## جلێك لەرۆژنامە

**هێڤار رواندزی**

لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی رابردوودا، پێشانگای سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی شتەکان (ریسایکلینگ) لە ماناگوا لە نیکاراگوا سازکرا.

لەم پێشانگایەدا، کە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا سازکرابوو، چەندین نمایشکەر نمایشی جلوبەرگیان ئەنجامدا، کە جلەکانیان لە بابەت‌و کەلوپەلی فڕێدراوو بەکارنەهاتووی رۆژانە بوو.

یەکێك لەم جلانە لە پاشماوەی رۆژنامەکاندا بوو، هەروەکو لەوێنەکەدا دیارە، بووە مایەی سەرسوڕمانی بەشدارانی پێشانگای ناوبراو.



## کتێبخانەیەکی دەگمەن لەجیهاندا !



**راز**

ساڵ لەدوای ساڵ کتێبخانەکان ژمارەیان روو لەزیادبوون‌و خوێندنەوە لەرەوشی جیاوازدا ساتەکانی ژیانی مرۆڤ بەڕێوەدەبات.

نامۆترین کتێبخانە لە لەندەن دامەزراوەو لە پێناویدا دەوڵەت ١٠٠ هەزار جونەی بۆ ئەو کتێبخانە گشتییە خەرجکردوە.

ئەویش دوای تەرخانکردنی پاپۆڕێك لە روباری( تایمز ) بۆ کتێبخانەیەك کە زیاد لە ١٠هەزار کتێبی مندالان بگرێتەخۆ.

ئەمە جگە لەوەی لایەکی پاپۆڕەکەش جیاکراوەتەوە بۆ شوێنی یاریکردنی مندالان.

رۆژنامەکان ئەم پاپۆڕەیان بە (پاپۆڕی کتێب) ناوناوەو ئەو رێگایەش کە دەگاتە سەر کەناری رووبارەکە بە(رێگایەك بۆ روناکی) ناودێر کراوە.

ئەم کارە هەرچەندە نامۆیە بەڵام قوڵایی هزرو فراوانیی روناکبیریی لە پشتیەوەن.

کردنەوەی ئەم کتێبخانەیە لەنێو ئەو روبارە بەناوبانگەی پایتەختی وڵاتی بەریتانیادا کارێکە هانی منداڵ دەدات فێری خوێندنەوە بێت‌و دوا ڕۆژ کاراکتەرێکی پێگەیشتووی لێ دەربچێت.

www.k128.com

## مەرگی وەنەوشە لەچاپی سێیەمیدا

**ساکار**

دوای دوو چاپی لەوەوبەری لەساڵانی ٢٠٠٠و ٢٠٠٢دا، بەم نزیکانە چاپێکی نوێی کتێبی(مەرگی وەنەوشە) دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

مەرگی وەنەوشە چیرۆکە هەواڵەکانی نووسەرو هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی–یە کە لە نەوەدەکان بەدواوە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە بزاڤی رۆژنامەنووسی‌و کتێبخانەی کوردیدا.

ئەم چاپە نوێیە(٥٠) چیرۆکە هەواڵ دەگرێتە خۆی‌و لەچاو دووەمین چاپیدا (١٣) چیرۆکی زیادەی تێدایە.

جێی سەرنجە نووسەری (مەرگی وەنەوشە) بەدەستپێشخەری نووسینی ئەم ژانرە رۆژنامەوانییە دادەنرێت لەرۆژنامەی کوردیدا.





سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران: ئاری بابان – شێرزاد سەعید

ستافی کارا: تابان حەسەن – بوار نورەدین – ساکار عەلی

نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد

تایپ‌و هەڵەبڕی: بەیان عەلی – بەهرە عیزەدین

سەرپەرشتیاری چاپ: ئەکرەم ئەحمەد



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٣١٢٢٧١٦

Email: asoyktebkhana@yahoo.com